سارا تیسدەیل

# ژنە شاعیری ئەمریکی

نووسین و وەرگێڕان
نالە حەسەن

سارا تیسدەیل

# ژنە شاعیری ئەمریکی

نووسین و وەرگێڕان

نالە حەسەن

٢٠١٨

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **سارا تیسدەیل (ژنە شاعیری ئەمریکی)**
- **بابەت: لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان**
- نووسین و وەرگێڕان: ناڵە حەسەن
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ: هۆگر سدیق**
- نرخ (٣٠٠٠)
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٨
- **تیراژ:** (٥٠٠) دانە
- **چاپخانەی: چاپخانەی ئازادی (هەولێر)**
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١١٨) ساڵی (٢٠١٨)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٩٧٥)**

ماڵپەڕ: **www.mukiryani.com**

ئیمەیل: **info@mukiryani.com**

## ناوەرۆک


کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی سارا............................................٧
سارا تیسدەیل و شیعرە....................................................................١٣
خوێندنەوە بۆ دووکتێب...................................................................٢٣
چەمکەکانی (عەشق و تەنیایی و گومان).................................................٣٥
شیعر و خۆکوشتن.........................................................................٥٧
هوڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی سارا تیسدەیل ..........................................٧٧
سەرچاوەکان..............................................................................٩٥

# (کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی سارا)

**_ سارا تیسدەیل** (١٨٨٤ _ ١٩٣٣)

له ٨ی ئۆگستی ١٨٨٤ له شاري سانلويس هەرێمی مێزوري له دایک بووه. یەکێک بووه له شاعیره لیریکیەکاني ئەمریکي (به شاعیری خۆشەویستی ناسراوه). زۆربەی ناوەڕۆک و بابەته شیعرییەکانی لەسەر (عەشق , جواني سروشت , مردن) بووه. له سەرەتای سەدەی بیستەم دا، وەک شاعیرێکی ناسراو خوێنەرێکی زۆری هەبووه و شاعیرێکی خۆشەویست بووه. له سەردەمی خۆی له نێوەندی ئەدەبی لەلایەن ڕەخنەگرانیش پێشوازی گەرم له بەرهەمه شیعرییەکانی کراوەو خوێندنەوەیان بۆکردوه، له ساڵی ١٩١٨ خەڵاتی شیعری له زانکۆی کۆلۆمبیا وەردەگرێت، که تایبەته به خەڵاتی شاعیران. خەڵاتێکی ساڵانەبووه و لەسەر کۆمەڵه شیعری (گۆرانیەکانی عەشق) وەریدەگرێت. ستایلی شیعرەکاني سارا لیریکي بووه، به زمانێکی شیرین و هەستێکی ناسک و شەفاف دەریبڕیون. شیعري (شەوی بەهار) که له ساڵی ١٩١٥ دا نووسیویەتی یەکێکه له نموونەی ئەو شیعرانەی. ژیانی منداڵی سارا پڕ ئێش و ژان و موعانات بووه، لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی تا تەمەنی نۆ ساڵی نەیتوانیوه بچێته قوتابخانه. پاشان لەو تەمەنەدا دەجێته قوتابخانەیەکی تایبەت به منداڵان، که نزیکی ماڵەوەیان دەبێ. له ساڵی ١٨٩٨ دەچێته

(پەیمانگای مێری) چەند ساڵێک بە دای یەکدا بەردەوام دەبێت. ماوەیەکیش لە (ئینهۆزمیر) تا لە ساڵی ١٩٠٣ خوێندن تەواو دەکات. لەوکاتەدا سارا کاریگەری ئەمانەی بەسەرەوە دەبێ: کچە ئەکتەرێک بە ناوی (دووس)، کە شانسی ئەوەی بۆ ڕێکناکەوێت تا لەکاتی نمایش کردن و ڕۆلگێڕان بیبینێت , وە تا کۆتایی ژیانیش هەر نەیتوانی لە نزیکەوە و ڕووبەڕوو بیبینێت. هەروەها شاعیری بەریتانی (کریستینا ڕۆزێتی) ئەم شاعیرەی زۆر دەخوێندەوە و سەرسام بوو بە شیعرەکانی. سارا یەکێک لە خولیاکانی سەفەرکردن و گەڕان بوو بۆ وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی ئەوروپا لە ماوەی ژیانیدا زۆرجاران سەفەر بۆ دەرەوەی ئەمریکا دەکات، سارا لە ساڵی ١٩١٣ دەرگیری عەشقی دوو موعجەب دەبێ، دوو کەسایەتی ناسراو لە یەککاتدا عەشقی سارا دەبن، هەردووکییان لە ڕێاگای شیعرەکانییەوە حەشقی دەبن، دواتر داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێدەکەن، کە یەکێکیان (ڕاشیل لیندسەی **Vachel Lindsay**) ی شاعیرە. ڕاشیل عەشقی سارا دەبێ و عەشقەکەی خۆی بۆ دەردەبڕێ لەڕێگەی نامەیەکی دووردودرێژی دڵدارییەوە، هەر لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە داوای لێدەکات کە شووی پێ بکات. هەرچەندە سارا زۆر بە قووڵی هەستی خۆشەویستی بۆی هەبوو بەڵام، بە هەر هۆکارێک و بیانوویەک بێت داواکەی ڕەت دەکاتەوە و بڕیار بۆ دووەمینیان دەدات.. ئەویش (ئیرنست فلیسنگەری بزنسمان) ە، پەیوەندی عاتفی لەگەڵ ئەم دەبەستێ و دواتر، لە ساڵی ١٩١٤ شووی پێدەکات و ژیانی هاوسەرێتی لە گەڵدا پێکدەهێنێت. دوای چەند ساڵێک دەگوازنەوە نیۆرک، سارا هەموو ژیانی لەم شارەدا بەسەر دەبات. ڕاشیلی شاعیریش، وەک هاوڕێیەکی خۆشەویست و نزیک لە گەلیدا دەمێنێتەوە.. ڕاشیل ناتوانێت دەستبەرداری خۆشەویستی سارا بێت و بە یەکجاری لە دڵی خۆیدا دەریکات، بۆ هەمیشە کاریگەری ئەو عەشقەی بەسەرییەوە دەمێنێت،. تا ئەو ئاستەی کە، ئەو کاریگەییە و ئەو عەشقە قووڵەی ئیلهامی ئەوەی پێ دەبەخشێ کە جوانترین شیعر بنووسێت بە ناوی (**Nightingale Chine's**). پاش ماوەیەکی زۆر، ئەمیش بە ناچاری چارەنووسی خۆی لەگەڵ کەسێکی

تر دایاری دەکات و ژیانی هاوسەریتی پێکدەهێنێت و دوو منداڵی لێ دەبێت. سارا لە ژیانی هاوسەرێتیەکەی بەختەوەر نابێت , لەبەر ئەوەی ئیرنیست وەک پێویست دڵی ڕاناگرێ و وەک پێویست گرنگی پێنادات.. بەهۆی پیشەکەیەوە سەفەر زۆر دەکات و هەمیشە لە دەرەوەی ماڵەوەیە، گرینگی زێتر بە کارەکەی دەدات لە خێزانەکەی، ساراش ئەم ژیانەی پێ قەبووڵ ناکرێت و ناتوانێت بەرگەی ئەم هەموو تەنیاییە بگرێت، چونکە سارا خۆی شاعیرێکی هەست ناسک و کەسێکی کراوە و مەدەنی بوو، بە شێوەیەکی زۆر ناسک و سەرنڕاکێش وێنەی ژیان و هەست و خەونەکانی خۆی کێشاوە، بەرامبەر پیرۆزی مرۆڤ و خەون و خەیاڵە جوانەکانی عەشق خۆشەویستی.. بۆ ئەو ئاسان نییە بە تەنیا لە کونجی ماڵەوە شەو و ڕۆژ بەسەر ببات، یان ببێتە کۆیلەی خۆزگە مادییەکانی کەسێکی تر.. چونکە سەروەت و سامان و ماڵی دنیا بەبێ خۆشەویستی خەونە جوانەکانی مرۆڤەکان هیچ نرخێکی ناهێنێ. بۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ ژیانی خێزانی و عەشقی نێوانییان بەرەو خراپتر و خراپتر دەچێت.. تا ئاستی ئەوەی ژیانی پێکەوەییان هیچ مانایەک و هیچ نرخێکی نامانێنێت...! تا لە ساڵی ١٩٢٩ لە ئیرنست لە ڕێگای پارێزەرەکەی خۆیەوە داوای جیابوونەوە پێشکەش بە دادگا دەکات و لە ئەنجامدا لێی جیا دەبێتەوە. هەر لە گەڕەکەکەی خۆیان نزیک لە خانووە کۆنەکەیان شوێنێک دەدۆزێتەوە و لەوێدا دەژی.. هەوڵ دەدات هاوڕێیەتییەکەی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕاشیلی شاعیر نوێبکاتەوە و ببوژێنێتەوە، هەرچەندە ئێستا ڕاشیک خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.. بەڵام چارەنووس ڕێگەیان نادات بە ئارەزووی دڵی خۆیان نەخشەی ژیان و ئایندەیان بکێشن، هەردوای دوو ساڵ واتە لە، لە ساڵی ١٩٣١ ڕاشیل لە ئەنجامی خواردنەوەی بوتڵێک (لیسۆل **Lysol**) کە ئەمەش مادەیەکە بۆ پاککرنەوە بەکاردێت، کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.. ئیدی سارا زێتر دەنیا دەبێت و ژیانی بەرە و نالەباری دەڕوات، لە هەمانکاتیش هەست بە تاوان و گوناهێکی گەورە دەکات لە ئاست مردنی ڕاشیل.. لە دوای ئەمە باری تەندروستی زۆر بەرەو دژواری دەڕوات. تا لە ڕۆژی ٢٩ی

بەفرانباری ١٩٣٣ لە ئاپارتمانەکەی خۆی لە نیۆرک، کە زێتر لە پێویست حەبی خەو دەخوات، لە گەرماوێکی گەرمدا خەوی لێدەکەوێ و بۆ تاهەتایە خەبەری نابێتەوە و بۆ تائەبەد ناگەڕێتەوە نێو ژیانە پڕ مەینەتییەکەی. لە گۆڕستانی (بێلی فرانتەین **Bellefrontaine**) لە شاری سانلیس دەینێژن. دوای ئەوە لە ئاکامی دیراسە و خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی، زۆرێک لە ڕەخنەگران و لێکۆلەرەوان بوەڕیان وایە، (سارا لە شیعری " پێویستە گوێی پێنەدەم " کە لە ساڵی ١٩١٥ نووسیویەتی، باسی لە خۆکوشن و کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی کردووە.. هێماکان بە ڕۆشی ئەوەمان پێدەڵێن و لەوێدا، واتە هەژدە ساڵ بەرلە ئێستا وێنەی مردنی خۆی کێشاوە...!).

## _ بەرهەمە چاپكراوەكانی سارا...

سارا یەكەم شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٠٧ لە ڕۆژنامەیەكی لۆكاڵی بڵاودەكاتەوە و هەر لە هەمان ساڵ یەكەم كتێبە شیعری خۆی بە ناوی (Sonnets to Duse and other poems) بە چاپ دەگەیەنێت. ئەمانەی خوارەوە ناوی كتێبە شیعرییەكانییەتی،

_ سۆنێتەكانی بۆ دووس و چەند شیعرێكی تر... ساڵی ١٩٠٧
_ هێلین ئۆف ترۆی و چەند شیعرێكی تر... ساڵی ١٩١١
_ ڕووبارەكان تا دەریا... ساڵی ١٩١٥
_ گۆرانییەكانی عەشق... ساڵی ١٩١٧
_ سێبەر و مەشخەڵ... ساڵی ١٩٢٠
_ تاریكایی مانگ... ساڵی ١٩٣٠
_ سەركەوتنی نامۆ... ساڵی ١٩٣٣

دەربارەی دواهەمین بەرهەمی كۆمەڵە شیعری (سەركەوتنی نامۆ)، لە ساڵی ١٩٣٣ دوای مرنی چاپ و بڵاودەكرێتەوە، واتە سارا خۆی ئەم كتێبە شیعرییەی خۆی نابینێت.



# سارا تیسدەیل و شیعر

سارا تیسدەیل یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسک و ڕۆمانسییانەی، شیعری جوان بە زمانێکی پاراو دەنووسێ. شیعرەکانی هێندە تەڕن بەدەم خوێندنەوەیان، هەستدەکەی لە ڕۆحەوە نزیکن و شەونمییان لێدەتکێ، قسە لەگەڵ غەریزەکان و ناخی مرۆڤ دەکەن. سارا لە شیعرەکانیدا هەوڵیداوە خۆی بنووسێتەوە، بە هەموو هەست و خەون و نیگا و خۆزگەکانییەوە. بە هەموو ڕوانینە گەشبینی و ڕەشبینییەکانییەوە. بە هەموو فڕین و کەوتنەکانییەوە. سارا شاعیرێکی لیریکی، یان بە شاعیری عەشق و خۆشەویستی ناودەبرێ. لە سایتەکانی شیعری خۆشەویستی **(Love Poetry)** بە بەردەوامی شیعرەکانی پۆست دەکرێن و تا ئێستاش، کۆمێنتی جوانی بۆ دەنووسرێ. سارا تا ئاستێکی قووڵ و بەرین یان لە ڕووبەرێکی فراواندا، مامەڵەی لەگەڵ چەمکەکانی (عەشق، جوانی سروشت، مردن، نائومێدی و گومان) دەکات، لە بەشەکانی تری ئەم کتێبە لەسەر هەندێک لەم چەمکە شیعرییانەی سارا قسەمان کردووە، لێرەدا زێتر مەبەستمانە، هەڵوێستە لەسەر فۆرم و ستایل، زمان و پێکهاتە و بونیادە شیعرییەکانی بکەین. سارا زۆر لەژێر کاریگەری نووسەر و شاعیرە ڕۆمانسییەکانی ئینگلیزدا بووە،

لەوانە شاعیری ڕۆمانسی (جۆن کیتس)، (پێرسی شێلی) هەروەها شاعیر و ڕوماننوس و ڕەخنەگر (ئەلگێنەن چارلیس) لە هەموویان زیاتر لەژێر کاریگەری و سارسام بوو بە خانمە شاعیری ڕۆمانسی (کریستینا ڕۆزێتی) هەربۆیە هەمان ڕێچکەی ئەوانی گرتووە، لە هەمان ڕووبەر ئیشی کردووە و داهێنانەکانی خۆی کردووە. بە زمانێکی ناسک و دەنووسێ و ئیقاع و ئاوازێکی هەست بزوێن دەبیسترێ. بۆیە بە شاعیری لیریک ناوییان بردووە، لێرەدا کورتەیەک لەسەر شیعری لیریکی باس دەکەین.

_ شیعری لیریکی

وشەی لیریک وشەیەکی یۆنانییە، لیری ئامێرێکی مۆسیقییە، یۆنانییەکان بەکاریان هێناوە، لیریکیش هەر لەو وشەیە وەرگیراوە، بۆیە شیعری لیریکی تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ مۆسیقا هەیە و گرنگی پێدەدات. شیعری لیریکی مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە، لە سەردەمی یۆنانەوە دەست پێدەکات، شیعر لای یۆنانەکان دوو جۆر بووە.

_ شیعری ئیپیک

_ شیعری لیریک

شیعری (ئیپیک)، بەو جۆرە شیعرە درێژانە گوتراوە، کە چیرۆک و ئەفسانە و شانۆنامە و بەسەرهاتەکانی پێنووسراونەتەوە، پێشەنگی ئەم فۆرمە شیعرییەش (هۆمیرۆس) بووە، کە (ئەلیادە و ئۆدیسە) ی بەم ستایلە نووسیوە، جۆری دووەم (لیریک) بووە یان شیعری لیریکی، " ئارکیلۆکەس و سافۆ و ئالکمان و ئالسییەس " و چەند شاعیرێکی تریش بەم فۆرمە لیریکییە شیعرییان نووسیوە، ئەم فۆرمە لیریکییە لە سەردەمی (ئەرستۆ) گرینگی زۆری پێدراوە و گەشەی بەرچاوی کردووە. شیعری لیریکی بەم شیعرانە دەگوترێن، کە مامەڵە لەگەڵ هەستەکان و غەریزەکانی مرۆڤ دەکەن. بۆ نموونە/ خۆشییەکان، ناخۆشییەکان، یان هەستی تەنیایی و نائومێدی و نیگەرانی، یان خەون و خۆزگەکان. بە شێوازێکی ڕۆمانسییانە و بە زمانێکی ناسک و لەزەتاوی. بە ئیقاع و ماسیقایەکی هەست بزوێن.. ڕستە و وشەکان کۆنتاکتێکی نزیکییان لەگەڵ مۆسیقا هەیە و گرینگی زۆری پێ

دەدەن. سارا تیسدەیل لەم ڕووبەرە لیریکییە و بەم فۆرمە ناسک و مۆسیقییە، داهێنانی زۆری کردووە تا ئاستی ئەوەی، بەم شێوازە بناسرێ و بە (شاعیری عەشق) بناسرێتەوە و ناوی ببەن.
سارا تیسدەیل شێوازی (سۆنێت) ی بەکارهێناوە بۆ نووسینی بەشێک لە شیعرەکانی..

## _ سۆنێت (Sonnet).

(سۆنێت) فۆرمێکی شیعرییە وەک فۆڕمە شیعرییەکانی، هایکۆ، ئۆدێ، ساتیر، ستوون (عەمودی).. فۆڕمی سۆنێت، لەلایەن شاعیری ئیتالی (گیاکۆمۆ دا لیتینی) داهێندراوە. فۆڕمێکە بۆ نووسینی شیعری لیریکی، لە چواردە دێر پێک دێت، کۆتایی هەردێرێکیش بە هەمان سەرواو دەنگ و ئیقاعی مۆسیقی کۆتایی دێت یان هەر دوو دێر بەهەمان سەرواو و دەنگ کۆتاییان دێت. سۆنێت لە بنەڕەتەوە لە وشەی (سۆنێتۆ) ی ئیتالی وەرگیراوە. سارا تیسدەیل بەم فۆرمە شیعری زۆری نووسیوە، یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (سۆنێتەکان بۆ دوس) زۆربەی شیعرەکانی ئەم کتێبە و چەند شیعرێکی تریشی بەم شێوازە نووسیوە.. بۆ نموونە، شیعرەکانی (بێدەنگی، ترس، مردن و عەشق، بۆ ئێرینا و چەندانی تر..) جگە (فۆڕمی سۆنێت)، سارا زۆربەی شیعرەکانی وردیلە و کورتن.. کورتە شیعرەکانی لە نیو لاپەڕە، یان لاپەڕەیەک، یان دوو لاپەرە تێناپەڕن. لە ئەدەبی ئەمریکی ئەم فۆڕمە لە شیعر نووسین برەوی زۆری هەبووە.. بۆ نموونە لە چلەکان و پەنجاکان (ڕۆبەرت کریلی و ئەزرا پاوند) کورتە شیعری لەم جۆرەیان زۆر نووسیوە بەڵام، جیاوازی کورتە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە، لەگەڵ کورتە شیعرەکانی سارا لە چۆنیەتی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ زمان. ئەوان گرنگی زێتریان بە زمان دەدا و بە زمانێکی چڕتر شیعرییان دەنووسی. هۆکارەکەش ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی زمانی شیعری لیریک، ناسکتر و سادەتر و ئاسانترە بۆ تێگەیشتن. ئەم شێوازە

کورته شیعرییه لای شاعیری ئەلمانی (ئێریش فرێد) یش بەکارهاتووە و کتێبی (غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین) بەم فۆڕمە شیعرییە نووسراوە و هەروەها(پۆل ئیلوار) ی فەڕەنسی و زۆر شاعیریتریش بەم شێوازەیان نووسیوە. جگە لە کورتیلە شیعر، سارا بە فۆرمی (ستوونی **Rhyming**) بەکارهێناوە، بۆ نموونە زۆرێک لە شیعرەکانی کتێبی (هێلین ئۆف ترۆی) بەم فۆڕمە ستوونییە نووسراون.

بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکانی سارا بە خەیاڵێکی هێندە ناسک و جوان و ڕۆمانسییانە نووسراون، هێندە لە هەستەکان و ڕۆح و ناخی مرۆڤەکانەوە نزیکن، خوێنەر لە خوێندنەوەیان تێر نابێ و بەردەوام ئارەزووی ئەوە دەکەن بیخوێننەوە، بە مانایەکیتر سارا بە هەستێکی عاشقانە شیعرەکانی نووسیوە، عەشق لە نێو ژیان و شیعرەکانی سارا بە ئەندازەی (ژیان و بوون) بەهادار و مانابەخش بووە. عەشق ئەو هێزە بوو دەیتوانی ژیان پێ ببەخشێ یام لێی بسەنێتەوە، عەشق ئەم چرایە بوو کە لە شەوە تاریکەکان ڕێگا و بەردەمی خۆی پێ ئەبینی. لە هەمانکاتیش، ئەو چاویلکە رەش و تەماوییە بوو کە، هەموو شتێکی لەبەردەم بینینەکانی ڕەش و تاریک دەکرد. لەنێو شیعرەکانی سارا تیسدەیل عەشق ڕووبەرێکی بەرین و فراوانی داگیرکردووە.. سارا لە نیو شیعرەکانی بە زمانی عەشق قسە دەکات.. خەونەکان و غەریزەکان و هەستەکانی قسە دەکەن. شیعر هۆکارێک بوو بۆ نووسینەوەی ناخ و دەرخستنی دیوە نادیارەکەی خۆی، یان هەستە شاراوە و خەمە بێدەنگەکانی. سارا تا سەر ئێسقان عاشق بوو، تا ئاستی زێدەڕۆیی شیعری ناسک و جوانی بۆ عەشق نووسیوە. مەبەستی بوو عەشق بکات بە ساباتێک بۆ تاهەتا لە ژێریدا بحەسێتەوە. دەیویست ژیانێکی ئەفسانەیی بە هۆی عەشقەوە بژی.. بەڵام بە پێچەوانەوە و لە ئاکامدا، عەشق هەموو شتێکی لێسەندەوە تەنانەت ژیانیش. سارا تیسدەیل لە شیعرەکانی (تریفەی عەشق، گۆرانی بەیانی، ماچ، شەڕاب، خۆشمت بوێ، شەو، من تۆم خۆشدەوێ و دەیان شیعری تر...) شێتانە و ئەشقیایانە باس لە عەشق دەکات، بە زمانێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش.. بە خەیاڵی عاشقانە و بە

زمانی عاشقانە ئەم شیعرانەی نووسیوە، بە زمانی هەستەکان و خەونەکان، لە شیعری (دەمەوێت لە نێو عەشقی تۆدا بژیم) وەک کەسێکی مەست لە نێو عەشق دا دەڵێ..

دەمەوێت لە نێو عەشقی تۆدا بژیم
وەک گژوگیا کە لە نێو دەریادا دەژی
کە هەر شەپۆلێک بەلایدا تێدەپەڕێ، باڵادەکا
کە هەر شەپۆلێکیش ونددەبێ، دەپووکێتەوە....
یان لە بەشێکی شیعری (فڕین) دا دەڵێ...

ئێمە دوو هەڵۆین
بەیەکەوە دەفڕین
لەژێر بەهەشتەکانەوە
بەسەر چیاکانەوە
بەنێو بادا بڵاودەبینەوە

ئەم دەربڕین و وێنە شیعرییانە، هەستێکی شاعیرانەی گەورەیان لە پشتە. خەیاڵێکی ڕۆمانسییانەی تا ئاستی مەستبوون و وڕێنەیی، تا ئاستی توانەوە، لە نێو خەیاڵە جوانەکان و دڵگیرەکانی عەشق.. سارا سۆفیگەرانە شەوانان لەنێو ئەتمۆسفیرێکی عاشقانە لە نێو شیعرەکانی ونددەبێ.. وەک باڵندەیەکی شەیدا دەفڕێ لە نێو تەمە سپییەکانی ڕۆح گۆرانی بۆ ئەستێرەکان دەڵێ. کاتێکیش لە عەشق نائومێد دەبێ ژیانی بەرەو کەنارەکانی مەرگ دەڕوا، لە ژیان هێندە دوور دەکەویتەوە تا ئەو ئاستەی، دەرگا و پەنجەرەکانی ژیان بەڕووی خۆی دادەخات و لە نێو خەیاڵە تەنیایی و نائونێدییەکانی دا دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی بڕیاری مەرگی خۆی دەدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

چەمکی جوانی یش بە تایبەت جوانییەکانی سروشت، لە نێو شیعرەکانی سارا دیمەنێکی بەرچاو و شوێن و جێگەیەکی فراوان و دیارییان هەیە. سارا

یەکێکە لەو شاعیرانەی، زۆر شیعری بۆ جوانییەکانی سروشت نووسیوە، ئەگەر شیعرەکانی پەیکەرێک بن، ئەم هاتووە بە ڕەنگە جوانەکانی سروشت ڕەنگی کردوون و هەمان جوانی پێبەخشیون. ڕووبار و باران و شەپۆل و شەونم و تریفە و با و درەخت و گەڵا و گوڵ و ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکان و باڵندەکان و وەرزەکان و بەیانییەکان و شەوەکان و... لە نێو شیعرەکانی سارا زۆر دەبیندرێن و دووبارە دەبنەوە، بە ناسکی بەکارییان دەهێنێ، یان تیکەڵاوییان دەکا لە گەڵ خەیاڵ و هەستە ناسکەکانی، یان خەم و نائومێدییەکانی هەروەک لە شیعری (چاوە خۆڵەمێشییەکان) دا دەڵێ.

که یەکەمینجار هاتی بۆ لام
مانگی نیسان بوو
یەکەمین ڕوانینم بۆ چاوەکانت
وەک یەکەمین ڕوانینم بۆ ڕووبار وابوو
وا چوار نیسانە بەیەکەوەین
لەسەر لقی دارێک دانیشتووین و
سەیری سەوزایی دەکەین
ئێستاش هەرکاتێک ڕوو لە چاوە خۆڵەمێشییەکانت دەکەم
وا دەزانم یەکەمینجارمە لە ڕووبار دەڕوانم...

چ ئاوێزانبوونێکی لە نێوان (چاو و ڕووبار مانگی نیسان) نەخشاندووە، لە پشتی چاوە خۆڵەمێشییەکانی دلدارەکەیی و جوانییەکانی ڕووبار، چ عەشقێکی سەرمەدی ئەفسانەیی ڕەسم کردووە. دوای چوارساڵ چاوە خۆڵەمێشییەکان هەمان هەست و هەمان جوانی پێدەبەخشن، وەکچۆن لە یەکەم ڕوانین جوانییەکانی چاوە خۆڵەمێشییەکانی وەک جوانییەکانی ڕووبار بینی، دوای چوار نیسان بەهەمانشێوە، بینینەکان و جوانیەکان و نیگاکان دووبارە دەبنەوە. ئەم هەست و خەیاڵانە لەناخەوە هەڵدەقووڵێن، بە بێ زەخت لەخۆکردن، جوانی لە ئەدەب هۆکارێکە یان سەرچاوەی لەزەت

بەخشینە. بۆیە جوانییەکانی سروشت و جوانی دیمەنەکان هەمیشە ئارامی بەڕۆحی مرۆڤ دەبەخشن. چونکە مرۆڤ وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو و وشیار بەدوای چێژ و خۆشی دا دەگەڕێ، بەدوای ئاسوودەیی و بەختەوەریدا دەگەڕێ. شیعر و ئەدەبیش لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی جوانییەکان دەتوانن ئەم چێژ و خۆشی و ئارامییە بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکەن، کە ئەمەش بەشێکی گەورەی ئامانجی شیعر و ئەدەبە.

_ شیعر و شوناس

سارا تیسدەیل لە ڕێگەی نووسینی شیعرە ڕۆمانسی و ناسکەکانەوە، توانی شوناسێک بۆ کەسێتی و شاعیرێتییەکەی خۆی بەدەست بهێنێ و بە(شاعیری خۆشەویستی) ناوی بەرن. یان دەڵێن فلانە شاعیر، شایرێکی نەتەوەییە.. ئایا ئەم ڕوخسار و ناسنامە و تایبەتمەندێتییانە لە کوێوە دێن..؟ کە دەبێتە هۆی گۆڕینی کەسایەتییەکان. ئایا هەر لەبەر ئەوەیە ئەو شاعیرانە شیعری خۆشەویستی یان شیعری نەتەوەیی دەنووسن...؟ یان عەشق و هەستی نەتەوەیی بەشێکە لە پێکهاتە و غەریزەکانییان. کە غەریزەش بەشیکە لە ماهییەتی بوون. بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە وا پێویست دەکات ئەگەر بە کورتیش بێت، باس لە کەسایەتی مرۆڤەکان بکەین.

لە کتێبی (لەگەڵ سایکۆلۆژیادا) بەمشێوەیە باس لە کەسێتی دەکات..(کەسێتی ئەو دەمامکەیە کە ئەکتەرەکان دەیپۆشن، یان لەسەر روخساریان دایدەنێن کاتێک دەچنە سەر سەحنەی شانۆ و ئەو ڕۆڵە دەبینن کە پێیان سپێردراوە، کەواتە کەسێتی دەمامکێکە دەیپۆشین. ئەو ڕوخسارەیە کە لەنێو خەڵکدا پێوەی دەردەکەوین ڕەفتارەکانمانی پێ دەنوێنین، قسەی پێدەکەین..... !)

(واتە کەسێتی، لە هەقیقەتدا مرۆڤ خۆی نییە، بەڵکو ئەو ڕوخسارەیە کە لەبەردەم خەڵکدا خۆی پێ نمایش دەکات و ڕەفتار دەنوێنێت...!). هەروەک لە هەمان کتێب باس لەوەش دەکات کەوا،

بە پێی ئەو پێناسانەی کە(گۆردۆن ئالپۆرت) بۆ چەمکی کەسێتی کردوونی پێناسەکان بەسەر سێ ئاراستە کورت دەبنەوە.

ئاراستەی یەکەم/ پێناسەکردنی کەسێتی وەک کارێکی کۆمەڵایەتی بەمانای کەسێتی واتە خود ی کۆمەڵایەتی یان ئەو ڕۆڵەی کە تاک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیبینێت.

ئاراستەی دووەم/ فۆرمۆڵەبوونی تاک و دەرکەوتنی وەک کەسێتی سەربەخۆ، بەمانای کەسێتی بریتییە لە ڕێکخستنی دینامیکی تەواوی ئامادەباشی و ئەنگێزە و شەهوەت و غەریزە خۆڕسکە بایۆلۆژییەکان لەگەڵ ئەو ئامادەباشی و ئارەزوو پاڵنەرانەی کە تاک لە ژینگەوە وەریان دەگرێت.

ئاراستەی سێیەم/ ئەم ئاراستەیە بڕوایان بە هارمۆنییەتی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو پێیە کەسێتی بریتییە لە هاوسەنگی نێوان ئەو سیفەت و خەسڵەتانەی کە کۆمەڵگە دەیخوازێت و قەبوولیەتی لەگەڵ ئەو سیفەت و خەسڵەتانەی کە ڕەتیان دەکاتەوە و قەدەغەیان دەکات.

ئێمە بۆ تێگەیشتنمان لەم سێ ئاراستەیە، دەمانەوێت پێ لەسەر ئاراستەی دووەم دابگرین و بیکەین بە بناغەیەک بۆ بابەتەکەمان، بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان شوناس و کەسێتی یان ئەو شوناسەی شاعیرەکان لە ڕێگەی نووسینی شیعرەکانیانەوە بەدەستی دەهێنن. بە بڕوای من، تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ هەستەکانییان یان بۆ شوناسێک کە پێیەوە دەرکەون. لە بنەڕەتەوە ئەم بیرکردنەوەیە بەشێکە لە خۆزگە و غەریزەکانییان، بەشێکە لە پێکهاتەی بوونییان. لە چوارچێوەی مومارەسکردنی ئەم غەریزەییان دەیانەوێت کەسایەتییەکی سەربەخۆ بەدەست بهێنن بۆ دوو مەبەست،

یەکەم/ تا لە کۆمەڵگە پێیەوە بناسرێنەوە و لەوانیتر جیابکرێنەوە.

دووەم/ ئەم کەسایەتییە، ئاراستەیەکی یان ڕوخسارێکی گونجاو هاوتەریبە لەگەڵ غەریزە و خۆزگە و پێکهاتەی بوونییان.

لە خۆڕا نییە سارا تیسدەیل لە نێو شیعرەکانیدا بە خشتەکانی عەشق ماڵێکی ڕەنگینی پێکهێناوە، لە خۆڕانییە لە نێو شیعرەکانیدا، باس لەهەر چییەک بکات پەیوەستی دەکاتەوە بە عەشق. لە خۆڕا نییە عەشق وەک بوونێکی سەربەخۆ دەیکات بە ناسنامەی خۆی. لە خۆڕا نییە کەوا عەشق

ئەو هێزەیە دەتوانێ بە ئاراستە جیاوازەکان بیجولێنێ لە نێو خۆشییەکان بەسەمای بهێنێ، یان لە نێو نائومێدییەکان بەرەو مەرگی بەرێت. هەروەک لە شیعری (من هی تۆ نیم) زۆر بەڕوونی ئەوە دەخوێنینەوە و هەستی پێدەکەین. کە لەسەرەتای شیعرەکە بە وشیارییەوە پێی دەڵێ (من هی تۆ نیم و لە نێو تۆدا ونئەبووم...!). ئەو کەسایەتییەکی عاشقە.. نایەوێ لە نێو هیچ کەسێکدا ون بێ، ڕێگە نادات هیچ کەسێک بۆ مەبەست و غەریزە و خۆزگەکانی خۆی بەکاری بهێنێ. لە بەشێکیتری شیعرەکە دەیەوێ پێی بڵێ (ئەگەر تۆ منت خۆش بوێ، منیش وەک ڕووناکی تێکەڵ بەشەو دەبم و لە نێویدا دەتوێمەوە...!) بەمانای ئەو تێکەڵاو ئاوێزانی هیچ کەسێک نابێت ئەگەر عەشق لە نێوانییاندا نەبێت. عەشق ئەو پەنجەرەیەیە کە دنیای پێ دەبینێت یان عەشق ئەو پێوەرەیە کە نزیکایەتی دیار دەکات لەگەڵ کەسەکانی بەرامبەری. ئەو دەیەوێت عەشق بکات بە ناسنامەیەکی سەربەخۆ تا پێیەوە بناسرێتەوە، ئەگەر عەشق نەبێت ئاوێزانبوون نییە، هاوسەرێتی نییە، ژیانی پێکەوەبوون نییە. ڕێگە بەهیچ کەسێک نادات بەسەر عەشقدا باز بدات، یان بە فەرامۆشکردنی عەشق ببێتە خاوەنی سارا و بە مەبەستە غەریزەییەکانی بگات، بەمانایەک لەلای سارا عەشق سەرچاوەی هەموو شتێکە و لەهەمانکات (عەشق خەتی سوورە..!).. بەمانای (لە ڕێگەی عەشقەوە هەموو شتێک بەدەست دێ و بە مردنی عەشقیش هەموو شتێک کۆتایی دێ..!)..هەروەک لە بەشێکی شیعری (گۆرانی بەفر) دا دەڵێ...

من پێویستە بفرم لە نێو عەشقدا
وەک کڵۆ بەفر لە نێو ڕەشەبادا
من وا باشترە بمرم
لە نێو لێوە گەرمەکانی ئەودا

سارا وەک ئەشقیایەک شیعری دەنووسی، ئارەزووی ئەوەی دەکرد دوو باڵی بۆ دروست بێت، تا بەهۆیەوە لە نێو عەشقەکەی دا بفڕێت، هێندە تامەزرۆی عەشق بوو، دەیەویست لە نێو ئەو لێوە گەرمانە بمرێت کە، عاشقانە قسەی بۆ دەکەن، یان ئەو لێوە ناسکانەی وشە گەرمەکانی عەشقیان لێوە دێنە دەرەوە. ئەم خەیاڵە ئەفسانەییە بۆ عەشق، ئەمە پرسنسیپێک بوو سارا ئیشی پێدەکرد، بیرکردنەوە و مەعریفەیەکیش بوو شیعرەکانی پێ دەنووسین. چونکە عەشق لە لای ئەم پێکهاتەیەکی غەریزەیی بوو، دەیەویست لە ڕێگەی ئەم غەریزەیەی، ڕۆحی ئارام بێ و لەزەت و خۆشییەکان بە دەستبهێنێ، دەیەویست ئەم غەریزەی خۆی، لە نێو شیعرەکانی دەربخات و خەون و خەیاڵەکانی خۆی پێ ڕەنگ بکات و لەهەمانکاتیش، ببێت بە ناسنامەیەک و پێیەوە بناسرێتەوە.




# خوێندنەوە بۆ دوو کتێب

## _ کتێبی یەکەم

(هێلین ئۆف ترۆی و چەند شیعرێکی تر).. (**Helen of troy and other poems**).

کتێبی (هێلین ئۆف ترۆی و چەند شیعرێکی تر). یەکێکە لە باشترین بەرهەمە شیعرییەکانی سارا تیسدەیل. ئەم بەرهەمە شیعرییە دووەم بەرهەمیەتی و لە ساڵی ١٩١١ بڵاوی کردۆتەوە. ڕەخنەگران و خوێنەران، پێشازییەکی گەرمییان لێکردووە. بەرهەمێکە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چ لە ڕووی فۆڕم و ستایلەوە، بە بەرهەمێکی نایاب لە قەڵەم دەدرێ. وا پێویست دەکات بۆ ناساندن و پێشاندانی لایەنە پرشنگدارەکانی ئەم بەرهەمە شیعرییە لە تایتلەوە واتە، لە ناوی کتێبەکەوە دەست پێبکەین.

(هێلین ئۆف ترۆی.. **Helen of troy**)، ئەمە خۆی ناوە، واتە (هێلین ئۆف ترۆی) یەک ناوە، هەندێ سەرچاوە تەنها بە (هێلین) ناوی دەبەن. لە ئەفسانەی یۆنانی کۆن (هێلین ئۆف ترۆی) کچی (زیۆسی) خوداوەند و (لێدا)

یە. هێلین یەکێکە لە جوانترین ئافرەتی دنیا. هێلین شوو بە مێنیلیس (Menelaus) دەکات، کە ئەوکاتە شازادەی (مێسینیا) یە، دواتر دەبێتە پاشای (سپارتا) هێلن یەکێک بووە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی (شەڕی ترۆجان Trojan war) هەروەک لە ئەلیادە و ئۆدیسەش باسکراوە. بە پێی هەندێک لە سەرچاوە کۆنەکان (گوایە هێلین یەکێک بووە لە خوداکانی یۆنان، کە لەگەڵ درەخت و باڵندەکاندا هەڵسوکەوتی کردووە)، واتە لە نێو درەختەکان لەگەڵ باڵندەکان ژیاوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە.. بەشی یەکەم بە ناوی (هێلین ئۆف ترۆی) کە لە شەش شیعر پێکهاتووە.

## _ شیعری یەکەم بە ناوی (هێلین ئۆف ترۆی)

لە پێشدا باسمان لەوە کردووە کە هێلین کچی (زیۆس) ی خوداوەن و (لیدا) بووە.

## _ شیعری دووەم بە ناوی (بەیاتریس)

بەیاتریس کچە شۆخوشەنگی ئیتالی، کە دانتێ ی شاعیر لە دەقە شیعری (کۆمێدیای خوداوەند) ناوی هێناوە و باسی کردووە. بەیاتریس کچی کابرایەکی خاوەن بانقە لە (فۆلکۆ پارتینەری) شوو بە برادەرێکی باوکی دەکات کە ئەویش خاوەن بانقە و ناوی (سیمۆن دای باردی) یە، بەیاتریس سێ ساڵ دوای شووکردنەکەی لە ساڵی ١٢٩٠ لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. دانتێ ی شاعیر تەنها دووجار بەیاتریس دەبینێت. عاشقی دەبێت، هەرچەندە بۆ یەکتری نابن بەڵام، بە شێوەیەک خۆشی دەوێت کە، هەموو ژیانی دەستبەرداری ئەم عەشقەی نابێت و ڕێز لەم عەشقەی دەگرێت و بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

## _ شیعری سێیەم بە ناوی (سافۆ)

سافۆ (٥٦٨ تا ٦٤٠ پ م)، هەروەک لە سەرەتای ئەم لێکۆلینەوەمان ناومان هێناوە، یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرە لیریکییەکانی یۆنانی کۆن، یەکەمین شاعیری (مێ یە) لە ئاستی دنیادا. لە ئیریتۆ لە دایک بووە لە دوورگەی لێسبۆس. شیعرەکانی بەوە دەناسرێن کە، پڕاوپڕن لە هەستی قوولٚ بۆ (ژیان، خۆشەویستی، سۆزی دەروون، هەست و خەیاڵی ئیرۆتیکی).

## _ شیعری چوارەم بە ناوی (ماریانا ئەلکۆفاراندۆ)

ماریانا ئەلکۆفاراندۆ (١٦٤٠ تا ١٧٢٣)، ژنە ڕاهیبەی پورتوگالی.. ماریانا لە خێزانێکی ئەریستۆکرات گەورە دەبێت، دواتر دەبێتە ڕاهیبە و لە کۆنڤێنتی ڕاهیبان دەژی لە شاری بێجای پورتوگال، لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا، لەگەڵ سەربازێکی فەرەنسی بە ناوی (نۆیل بوتۆن) عەشق دەکات، پەیوەندییەکەیان گەشە دەکات، دواتر بەیەکەوە سێکس دەکەن. عەشق سێکس و ئەمجۆرە پەیوەندییانە بۆ کچەکان و ژنە ڕاهیبەکان ڕێگەپێدراو نییە، کارێکی نایاسایی گوناهێکی گەورەیە. پاشان پەیوەندییەکەیان ئاشکرا دەبێت. (نۆیل بوتۆ) بەجێیدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە فەرەنسا، ئەمیش لەتاوی ئازار و گڕی ئەم عەشقەی، دەست دەکات بە نامە نووسین بۆی، پێنج نامە دەنووسێت.. نامەکان ناستێکی بەرزی زمانەوانی و ئەدەبییان هەیە، لە ساڵی ١٦٦٩ نامەکان لە فەرەنسا بەناوی (نەماکانی ژنە ڕاهیبێکی پورتوگالی) چاپدەکرێن. نامەکان سەدا و دەنگدانەوەی زۆریان دەبێت، چونکە نامەکان بە هەست و زمانێکی قووڵی خۆشەویستییەوە نووسرابوون، ڕاستگۆیانەش لەنامەکاندا باسی هەموو شتێکی کردبوو، تەنانەت ئەوانەش کە کۆمەڵگا و یاسای ڕاهیبەکان بە شوورەیی و گوناهی گەورەیان دەزانی، نامەکانیش

دوای بڵاوبوونەوە لە نێوەندە ئەدەبییەکان و بە (نامەکانی خۆشەویستی) ناوی دەبران. دوای ئەوە ماریانا ئەلفرێدۆش بە نووسەری ئەو نامانە ناوبانگ دەردەکات.

## _ شیعری پێنجەم بە ناوی (گوینیڤەر)

گوینیڤەر یەکێکە لە جوانترین شاژنی ئەوروپی کۆتایی سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەم. پە پێی ئەو ئەفسانەیەی چیڕۆکەکە دەگێڕنەوە، گوینیڤەر کچی (لیۆدیگرانس) ی پاشای کامیلیاردە. گوینیڤەر کچێکی شۆخ و جوانە، زۆر پیاو و کەسی ناودار خوازبێنی دەکەن بەڵام، گوینیڤەر هیچ کامیانی بە دڵ نابێت و داواکارییەکان ڕەتدەکاتەوە. دوای ماوەیەک باوکی، لەلایەن ڕینسیش پاشاوە، ئەسیر و دەستبەسەر دەبێت. مالیک ئارثەر ئەودەمە پاشای بەریتانیایە، باوکی گوینیڤەر ئازاد دەکات، کاتێک گوینیڤەر دەبینێت عەشقی دەبێت و خوازبێنی دەکات.. گونیڤەر (مەلیک ئارثەری) بە دڵ دەبێت و ڕازیدەبێت شووی پێبکات. گوینیڤەر دەبێتە ژنی مەلیکی ئارثەر، کوڕێکی لێی دەبێت بە ناوی (ئەمیر). گوینیڤەر لە ژیانی هاوسەرێتییەکەی دڵسۆز نابێت لەگەڵ مەلیک ئارثەر، لە ژێرەوە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ سەرلەشکری سوپای ژێر دەسەڵاتی مەلیک ئارثەر دەگرێ، کە ناوی (لانسیلۆت) ە. گوینیڤەر لەبەر جوانی و شۆخوشەنگییەکەیەوە زۆرجاران دەرفێندرێ، هەمووجارێک دەبێ بگەڕێن بەدوای بیدۆزنەوە و ئازادی بکەن.

## _ شیعری شەشەم بە ناوی (ئیرینا)

ئیرینا ژنە شاعیری یۆنانی، کە لە بنەڕەتەوە خەڵکی (دورگەی ڕۆدیس) ە، کە بەتەنیشت (دورگەی تینۆس) ەوەیە، لە نێو دەریای (ئیگینا) دا، لەسەردەمی ٦٠٠ ساڵ پ ز ژیاوە.. شاعیرێکی هاوچەرخ بووە بۆ ئەوکاتە. یەکێک بووە لە بەناوبانگترین شاعیری ژن لە دوای (سافۆ)، لە هەمانکاتیش لەگەڵ سافۆی شاعیر نزیکایەتی و برادەرایەتییان هەبووە. یەکێک لە دەقە شیعرییەکانی بەناوی (دیستاف **Distaff**)، دەقێکی بەنابانگ و پڕ داهێنان بووە. لە سێسەد دێری داکتلیک هیخامیتەر پێکهاتووە.. هیخامیتەر جۆرە کێشێکە بۆ شیعری کلاسیکی یۆنانی، ئەوانەی بە فۆڕمی(ئیپیک) دەنووسن ئەم کێشەیان بەکارهێناوە. ئیرینا لەم دەقە شیعرییەی، ئیشی لەسەر (منداڵێتی و مردن و خۆشەویستی) کردووە، ئیرینا لە تەمەنی منداڵی برادەرێکی بە ناوی (بوسیس) دەمرێت، مردنی ئەم برادەرەی تا کۆتایی ژیانی کاریگەری بەسەریا دەبێت و لە شیعرەکانی ڕەنگدەداتەوە. ئەم دەقە شیعرەی میتافۆرێک دەبێت بۆ چەمکی مردن و منداڵێتی و عەشق و خۆشەویستی.

تا ئێرە باسمان لە تایتلی ئەم شەش دەقە شیعرییەی بەشی یەکەمی کتابەکە کردووە، کە هەریەکێک لە ناوەکان، باکڕاوندێکی ئەدەبی یان مێژوویان لە پشتە. سارا ئەم شەش دەقەی بە فۆڕمی ستوونی (**Rhyme**) نووسیوە. شیعرەکان تا ئاستێک شیعری درێژن بۆ نموونە (شیعری یەکەم.. هێلین ئۆف ترۆی)، حەفتاو سێ دێرە، شیعری دووەم (بەیاتریس)، شەست و هەشت دێرە. ئەوانیتریش هەروا. لە رووی فۆڕمەوە جیاوازییەک دەبینین بە بەراورد لەگەڵ شیعرەکانیتری.. ئەم دەقە شیعرییانە لە ڕووی ناوەڕۆک و زمان و پێهاتەی شیعرییەوە، لە ئاستێکی بەری داهێنان دان..

شەش شیعر، بە ناوی شەش کەسایەتی مێ، (هێلین، بەیاتریس، سافۆ، ماریانا، گوینیڤەر، ئیرینا) وەک هەندێک لە سەرچاوەکان، شیعرەکان بە

(فۆرمێکی مێیینه) ناودەبەن. تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم فۆرمە مێیینەیە، لە سەر (جوانی و عەشق) ئیش دەکەن. پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش، بۆ لەم شەش کەسایەتییە یەکێکیان نێر نەبوو ؟ بۆ لە جیاتی سافۆی یۆنان شاعیرێکی تر نەبوو، بۆ نموونە هەر لە شاعیرە لیریکییە یۆنانییەکان (ئەرکیلۆکەس)، یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیری لیریکی یۆنان بوو، لە ڕووی توانای شیعری و ئەدەبییەوە، هیچی لە هۆمیرۆس کەمتر نەبوو، یان (دانتێ) ی شاعیر، لە ڕێگەی دەقە شیعری (کۆمیدیای خوداوەند) ەوە، بەیاتریسی بە دنیا ناساندووە، کەچی سارا بەیاتریسی هەڵبژاردووە نەک دانتێ. بەبڕوای من، سارا تیسدەیل لە ڕوانگەیەکی هەستکردن بە پرسیارێتییەکی ژناوە ئەم کارەی کردووە، هەوڵیداوە خەمەکانی ژنان لە فۆرمێکی جوانی بەیان بکات، عەشق و خەونەکانییان، قسەکردن لەگەڵ کەسایەتییە مێیینەکان بکات، لە شێوەی فۆرمێکی مەنەلۆگی.. (لە شیعری هێلین مامەڵە لەگەڵ جوانی و هێزێکی خوداوەندی دەکات).. دەسەڵاتێکی مێیینەیی بۆ تا هەتایە سەروەر بێت و ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر بکات. لە دێرەکانی کۆتایی شیعری هێلین ئەم مەبەستانەی بە ڕوونی درکاندووە، کە دەڵێ (بمگەڕێننەوە سپارتا، پێویستە من بژیم و جارێکیتر یۆنان کۆنترۆل بکەمەوە.. !). یان لە شیعری سافۆ.. بەو شێوەیە باس لە کەسایەتی ئەو شاعیرە ژنە لیریکییەمان بۆ دەکات کەوا، گۆرانی بۆ ژیان دەڵێت و جوانی بە ژیان دەبەخشێ، هێندە سەرسامە بەو کەسایەتییە شاعیرە کە پێیوایە (دنیای لە نێو لەپی دەستەکانی خۆی ڕاگرتووە، کە ئەم پێدەکەنێ هەموو دنیا لە گەڵیدا پێدەکەنن، کە ئەم دەگری هەموو دنیا دەگرین و خەمناک دەبن، کە ئەم دەمرێ، ژیان و مۆسیقا و جوانییەکانیش، کۆتاییان دێ...!). لە شیعری (ماریانا ئەلکۆفۆراندۆ)، مامەڵە لەگەڵ هەست و خەونێکی گەورەی چەپێندراوی ژنێکی ڕاهیبە دەکات، هەستێکی شەیدا و پڕاوپڕ لە لەزەت، نیگایەکی ڕۆمانسییانە بۆ عەشق و ژیان، هەرچەندە ماریانا لە ڕێگەی عەشقەوە دەست بۆ گوناهێکی گەورە دەبات، یان لە ڕووبەرە حەرامکراوەکاندا ئارەزووە غەریزەییەکانی خۆی تێر

دەکات. یان ئەو ژنانەی لەنێو زیندانێکی ڕۆحیدا دەژین، بۆ کردنەوەی دەرگای ڕووناکییەکان دەبێ بەسەر پەتی مەرگ بازبدەن، بە جەربەزەیی بەسەر دیوارە دڕکاوییە تەلبەندییەکان هەڵبگەڕێن، کراسی شکۆمەندی حورمەت و شەرەف لە خۆیان دابکەنن.. لە نێوان شکۆمەندی و شوورەیی، قارەمانانە دووەمین هەڵبژێرن، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسایەک، ماریانا لە ڕێگەی عەشقێکی حەرامەوە، بە شکۆمەندی و ناوبانگ و سەروەری دەگات، سارا لە نێو شیعرەکەی دا، بە مەبەستەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم شکۆمەندییە و جەربەزەییەی ماریانا کردووە. لە شیعری (گوینیڤەر) دا، خەم و هەستێکی ژنانە بە جەستەی شیعرەکەوە دیارە، ئێمە باسمان لەوە کرد گوینیڤەری شاژن ژنی مەلیک ئارثەرە، لە ژیانی هاوسەرێتییەکەی سەرکەوتوو نابێت و خیانەت لە مێردەکەی دەکات. بەڵام سارا هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانی (گوینیڤەر) دەشارێتەوە، لە نێو شیعرەکەیدا بە کەسایەتییەکی ئیجابی باسی دەکات، بەو شێوەییەی کەوا تاجی شاژنانە هەر لەو دەوەشێتەوە و بەشێکە لە پێکهاتە و بوونی ئەو، ئەوەتا لە چەند دێرێکی شیعرەکەدا دەڵێ.. (من شاژن بووم، شازادەش بووم، هەرگیز تاجی شاژنی بۆ سەری من گران نییە، بەڵکو مافێکی خۆمە و بەشێکە لە من.!)

_ بەشی دووەمی ئەم کتێبە کۆمەڵە شیعرێکە بە ناوی (گۆرانییەکانی عەشق)، هەرچەندە دواتر ئەم ناونیشانە دەکاتە ناوی کتێبێکی تر و لەگەڵ کۆمەڵە شیعرێکیتر بەچاپی دەگەیەنێت..شیعرەکانی بەشی دووەم وردیلە شیعرن. شیعری ناسک و هەست بزوێن، هەندێک لە شیعرە دیارو سەرنجڕاکێشەکانی ئەم بەشە لەوانە (دەمەوێت لە نێو عەشقی تۆدا بژیم، ناشتنی عەشق، ماچ، لە شەودا، شاردنەوەی عەشق، بەڵام بۆ من نا، نۆڤەمبەر، عەشق لە پایزدا...). بەبڕوای من شیعرەکان لە ڕووی پێکهاتەی شیعرییەوە بە تایبەت لە ڕووی زمانەوە، لە ئاستێکی بەرزی داهێنان دان.. هەرکەسێک دەیانخوێنێتەوە، وا هەستدەکات بۆ ئەو نووسراون، خەم و خەون و خەیاڵەکان گشتگیرن، لە نێو شیعرەکان دا، هەست بە نائومێدییەکی

گەورە دەکرێ، هەروەک لە شیعرەکانی (ناشتنی عەشق، شاردنەوەی عەشق، بەڵام بۆ من نا...) بەڵام، ئەمە سیمایەکی شیعری سارا تیسدەیلە، تا ئاستی ئەوەی، بۆ خوێنەر دەبن بە ئیستاتیکایەکی لەزەتبەخش. شیعرەکان دەربڕی(ئارەزوویەک بۆ ژیان، ئارەزوویەک بۆ مردنن) یان (مەیلی ژیاندۆستی و مەیلی مەرگدۆستی) یان چەمکەکانی(ئیرۆس و ثاناتۆس)، هەردوو ئاراستە بە روونی دەبیندرێ. لە شیعری (من دەمەوێت لە نێو عوشقی تۆدا بژیم) دەڵێ..

**من دەمەوێت لە نێو عەشقی تۆدا بژیم**
**وەک گژووگیای دەریا کە لە نێو دەریادا دەژی**

ئەگەر لەم دێرە شیعرە ورد بینەوە دەبینین چ مویل و ئارەزووەکی بۆ عەشق هەیە، دەیەوێت ژیانی پڕ کات لە عەشق، تا ئەبەد لە نێو ئەم عەشقە بمێنێتەوە. وەک گژووگیای نێو دەریا، مرۆڤی عاشق هەمیشە ژیانییان خۆش دەوێ و بە ناسکی لێی دەڕوانن.. تابلۆکانی خەیاڵ بە ڕەنگی ئاجوغە گەشەکان ڕەنگ دەکەن. مەیلی ژیاندۆستی واتە ئیرۆسی، لەم شیعرەدا بەدی دەکەین. یان لە بەشێک لە شیعری (مەی) دا، واتە مانگی مەی دا دەڵێ..

**لە ژێر دارسێوێ کە چرۆکانی دەردەکا**
**من دەڕۆم و لە زستان دوور دەکەومەوە**
**بۆ ئەو عەشقەی لە نیسان زەردەخەنە دەکا**
**لە مانگی (مەی) یش بۆ من دادەکا**

هەستێکی ناسک، دوور کەوتنەوە لە زستان و هاتنی بەهار، چرۆدەرکردنی گوڵەکان و میوەکان و دەرکەوتنەوەی ڕەنگە جوانەکانی سروشت. دووبارە گەشبوونەوەی خەونەکان و مەیلەکانی مرۆڤ بۆ عەشق و بۆ ژیان. تەڕبوونەوەی هەستە ئیرۆسییەکان و بە سەماکەوتنەوەی

غەریزەکان، ئەمەش مەیلێکی بایەلۆژی مرۆڤە بۆ بەردەوامبوونی ژیان. بەڵام، لە شیعری (ناشتنی عەشق) دا دەڵێ..

**من هاتووم عەشق بنێژم**
**لە گۆڕستانێکی ڕەش و تاریک...**
**یان لە دێرە شیعرێکی(هێلین) دا دەڵێ**
**مردنم پێببەخشە، چونکە ژیانم ناخۆشترە لە مردن...!**

ئەی خودا ئەوە چ نائومێدییەکی گەورەیە، ئەوە کێیە دەیەوێت ئەو شەهامەتە لە خۆی نیشان بداو هاتبێ تا عەشق بنێژێ..؟! ئەوە چ مەیلێکە بۆ مردن..؟، ئەوە چ پشت لە ژیان کردن و دوور کەوتنەوەیەکە لە ژیان، ئەوە چ خەیاڵێکی ثاناتۆسی و مەرگدۆستانەیە. یان لە بەشی یەکەمی شیعری (نۆڤەمبەر) دا دەڵێ..

**دنیا ماندووە و ساڵەکانیش پیربوون**
**وردە گەڵاکان بەختەوەرن کە دەمرن**
**با دەڕوا و بەدەم سەرماوە هەڵدەلەرزێ**
**لە نێو تەوژمی وشکاییدا.....**

لەم شیعرەدا، نائومێدییەک و هەستێکی بوونگەراییانە بۆ ژیان و مردن دەبیندرێ.. دنیا ماندووە و زەمەنیش پیر بووە، ئیدی کاتی خۆشی و بەختەوەرییەکان بەسەرچوون، وردە گەڵاکانیش بەختەوەرن کە دەمرن...! ئەم شیعرە لە ڕووی هونەری زمان و پێکهاتەی شیعرییەوە، تا بڵێی شیعرێکی ناسک و سەرکەوتووە.

_ بەشی سێیەمی ئەم کتێبە کۆمەڵە شیعرێکە بە ناوی (سۆنێتەکان و لیریکەکان)، تێکڕای شیعرەکانی ئەم بەشە (بیست و حەوت) شیعرن، یانزە شیعر بە (فۆڕمی سۆنێت)، شانزە شیعری بە (فۆڕمی لیریک) نووسراون.

سارا وەک ئەوەی مەبەستی بوو بێت لەم کتێبەیدا، توانا شیعرییەکانی خۆی پێشان بدات. بۆیە دەبینین، لە رووی فۆڕمەوە، هەموو فۆڕمەکانی تاقیکردۆتەوە (کورتە شیعر، شیعری ستوونی، فۆڕمی سۆنێت، لیریک...) لە ڕووی زمانی شیعری و پێکهاتەی شیعرییەوەش، ئاستێکی بەرزی پێشان داوە، بە تایبەت لە بەشی یەکەم، هەست دەکەین ئەم مرۆڤە خاوەن باکڕاوندێک و خاوەن زەخیرەیەکی گەورەیە لە مەعریفەی شیعری. شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبی ئەوروپیدا هەیە بە تایبەت، لە شیعری (یۆنانی، ئیتالی، ئینگلیزی) و هەروەها شاعیران و ئەدەبیاتی (قوتابخانەی ڕۆمانسیزم). بە ڕۆح نزیکایەتی هەیە لەگەڵ شیعرەکانی (سافۆ و ئێرینا، و کریستینا ڕۆزێتیٚ)، ئەم مەعریفە شیعرییەش قووڵاییەک و جوانکارییەکی بێئەندازەی بە شیعرەکان بەخشیوە، هەربۆیە لە نێوەندی ئەدەبی ئەوکات پێشوازییەکی گەرمی لێکراوەوە بە تایبەت ڕەخنەگران، چەندین نووسینییان لەسەر نووسیوە.




## _ كتێبی دووەم (گۆرانییەکانی عەشق)

سارا تیسدەیل لە ساڵی ١٩١٧ کتێبی (گۆرانییەکانی عەشق) ی بە چاپ گەیاندووە، بەهۆی ئەم کتێبەوە، لە ساڵی ١٩١٨ خەڵاتی شیعری لە زانکۆی کۆلۆمبی وەردەگرێت، بە یەکێک لە پڕ فرۆشترین کتێبی ساڵ دادەنرێت. زۆربەی شیعرەکانی (گۆرانییەکانی عەشق) وردیلە شیعرن، بە فۆرمی لیریک نووسراون. (گۆرانییەکانی عەشق) لە چوار بەش پێکیاتووە، هەربەشەی چەند شیعرێک لە خۆ دەگرن، تەنها بەشی چوارەم کە پێکهاتووە لە یەک شیعر، بە ناوی (شەوی نۆڤەمبەر)، بە شێوەیەکی گشتی، شیعرەکان بڕاوپڕن لە خەون و خەیاڵی ڕۆمانسی، کە سارا هەر لە بنەڕەتەوە، بەمجۆرە شیعرانە دەناسرێتەوە. چونکە خۆی لە شیعرێکدا دەڵێ (ئەوە دڵمە گۆرانییەکانم بۆ دەڵێ نەک خۆم...)، ئەم کۆمەڵە شیعرە دەنگ و ڕوخساری ئەون، سارا لەم کتێبەیدا، خەون و هەستەکان و خەمەکانی خۆی هێناوەتە قسە، بە زمانێکی لیریک و لەبەرگێکی جوان و ڕۆمانسی دا، دەربڕینی هەستە هونەرییەکانی مرۆڤ لە شێوەی خەیاڵی ناسک و جوان، یان بە میلۆدیکردنی هەست و خەیاڵەکانی مرۆڤ، بەڵام شیعرەکانی سارا تێکەڵاوییەکە لە ڕۆمانسیزم و لیریکیزم، واتە دەربڕینی خود،

هەستەکانی خود، بینینەکانی خود، لە فۆڕمێکی جوانکاری لیریکیدا. یان بە سۆناتاکردنی خەون و غەریزەکان. بۆیە لە نێو شیعرەکانی سارا لە نێوان ئەندێشە و واقیع بەریەککەوتنی تۆخ دەبینین. بە مانای هەرشیعرێک لە شیعرەکانی سارا، گۆشەیەک لە ژیانی خۆیمان پێشان دەدات. هەروەک لە شیعرەکانی (من هی تۆنیم، ناشتنی عەشق، پێویستە گوێی پێ نەدەم و...) ئەمە بە ڕوونی دەبیندرێ، کەوا سارا ئێشی لەسەر ناخی خۆی کردووە، زۆر بە قووڵی خۆی نووسیوەتەوە، هەروەک لە شیعری (شەو) دا دەڵێ.

**مانگ بۆ گوڵە زەردەکان دەچەمێتەوە**
**ئاسمانیش هێشتا هەر شینە**
**ئاسمان بۆ مانگ دروست بووە تا بیگرێتە خۆی**
**منیش بۆ تۆ**

دەبینین هەستێکی قووڵی خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی یان دڵدارەکەی دەربڕیوە، وەک چۆن ئاسمان تا ئەبەد مانگ دەگرێتە خۆی و لە ئامێزی خۆی دەیهێڵێتەوە، دەیەوێت ئەمیش بۆ ئەو وا بێت بۆ تاهەتایە بیگرێتەوە خۆی و لە نێو خۆیدا بیهێڵێتەوە، لە خەم و ناسۆرییەکان و لە ناخۆشی نائومێدییەکان بیپارێزێت. جوانکارییەکی بێ ئەندازە لەمجۆرە شیعرانەی سارا دەبیندرێ، شیعرەکان بەم جوانکاری و ئاواز و میلۆدییە، لە ڕۆح و هەست و دەروونی مرۆڤەکانەوە نزیکن، ئەمەش سیما و ڕوخساری شیعری ڕۆمانسی و لیریکییە، شیعرەکان جوانییان لێدەتکێ، لەزەت بە ڕۆح دەبەخشن، هەروەک گەورە شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی (شیلی) دەڵێت، (شیعر پەرچەمە شاراوەکانی جوانی وشە بە دەردەخات...) بە مانایەک، هەموو وشەیەک دیوێکی جوانی هەیە، یان بەشێک لە جوانی لە خۆی حەشارداوە، شیعر دەتوانێ ئەم جوانییە کەشف بکات و دەریبخات، تەنانەت ئەم وشانەش لە لەگەڵ دەروون و پێکهاتەی مرۆڤ ناتەبا دێنەوە، دەرخستنی جوانیش یان گەڕان بەدوای جوانی ئامانجێکی بنەڕەتی شیعرە، هەروەک لە شیعری (دیارییەکان) دا دەڵێ..

**دوای چەندین ساڵ**
**من زەردەخەنەی یەکەم عەشقی خۆم بەخشی**
**من فرمێسکەکانی دووەم عەشقی خۆم بەخشی**
**من بێدەنگی سێیەم عەشقی خۆم بە خشی**
**یەکەمین عەشقم گۆرانی پێبەخشیم**
**دووەمین چاوەکانم بۆ بینین**
**بەڵام ئەوە عەشقی سێیەمینم بوو**
**کەوا ڕۆحمی پێبەخشیم...**
**یان لە بەشێک لە شیعری (کاتێک عەشق دەڕوا) دا دەڵێ...**
**ئاخ دایە گیان، من بێزار بووم لە دەست عەشق**
**من ناتوانم پێبکەنم سەرم بەرز بکەمەوە**
**لەو دەمەی کە عەشقەکەم مرد**
**خەونە تاڵەکانم تێکییان شکاندووم**

ئەم شیعرانە جگە لەوەی بە زمانێکی ڕەوان و شیرین نووسراون، جگە لەوەی پڕاوپڕن لە جوانی، وا هەستدەکەی ئاوێنەیەکن ناخ و دەروونی شاعیر پێشان دەدەن. لە ڕێکەی ئەم شیعرانەوە دەتوانی کەسایەتی و دیوی ناوەوەی سارا بخوێنییەوە. چونکە شیعر هێزی ئەوەی هەیە کەوا، دەنگدانەوەی دەنگی ناوەوەی شاعیر بنووسێتەوە، دەنگدانەوەی خەونەکان و نائومێدییەکان و غەریزە کپبووەکان بنووسیتەوە، شیعر لە ڕێگەی ئەندێشە و زمانەوە دەتوانێ، بوون و بونیادی شاعیر کەشف بکات. کتێبە شیعری (گۆرانییەکانی عەشق) لە وشە بە وشەی شیعرەکان، لە قووڵایی دڵی سارا هەڵقووڵاون، لە قوولایی خەمەکان و خەونەکان و هەستەکانی، لە هەمانکاتیش، دەمانگەیەننە، نێو قووڵایی جوانییەکانیش.. نیگا و ڕوانینەکانمان ناسکتر و ڕەنگینتر دەکەن، بۆ ژیان و بۆ مرۆڤ و بۆ خۆشەویستی.



# چەمکەکانی (عەشق، تەنیایی، گومان)

# لە نێو شیعرەکانی " سارا تیسدەیل "

سارا تیسدەیل یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەمریکا، شاعیرێکی لیریکییە و شیعرەکانی پڕن لە هەستی ئەڤینی و ڕەنگە جوانەکانی سروشت و هەستە خەمناکەکانی تەنیایی و زۆر چەمکی تر، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەبوو لە هەمانکاتیش، بە شاعیری عەشق ناسرابوو.. سارا یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی هەمیش بە خەیاڵی ڕۆمانسییەوە شیعری نووسیوە، هەموو شیعرەکانی بە ڕەنگەکانی عەشق ڕەنگ کردوون، لای سارا ئەگەر عەشق پەیکەرێک بێت ئەم بە هەناسەکانی عەشق ڕوحیان دەکاتە بەر.. یان شیعر وەک باڵەخانەیەک بێت، ئەم هەموو کۆڵەگە و دینگەکانی لە عەشق بنیاد دەنێت. بەمانایەک، لای ئەو هەموو ڕێگاکان دەچوونەوە بانە..! بەمانای، شیعرەکەی لەسەر هەر بابەتێک بووایە، ئەم تێکهەڵکێشی دەکردەوە لەگەڵ عەشق.. بە دیوێکی تر، عەشق بۆ ئەو ڕووبارێک بوو، سەرچاوەی هەموو جۆگەلە و کانیاوەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی بوو. سارا ئەو ژنە شاعیرە بوو، زۆرترین خەم و میحنەتەکانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسییەوە، هەموو کونج و کەلەبەرەکانی، هەموو نهێنی و خەونەکانی، هەموو ئازار و لاوکەکانی، وەک تابلۆیەکی ڕەنگین و ڕۆشن لەنێو شیعرەکانی دەبیندرێن..

کەسێکە لە هەموو شاعیرێک زێتر خۆی نووسیوەتەوە.. ڕاستە بە ستایلێکی لیریکی نووسیویەتی بەڵام، لە ڕووی ئیستاتیکی و زمانەوە شیعرەکانی لە ئاستێکی باڵای داهێنان دا بوون. وشەکانی ناسک و خەیاڵەکانی قووڵ بوون، وەک دوالیزمێک دەستەواژە دژبەیەکەکانی زۆر بەکار دەهێنا.. ئەتمۆسفیرێکی هێندە بەلەزەت و ڕۆمانتیک لە شیعرەکانی هەبوون، زۆر بە خێرایی، خوێنەر و شیعرەکانی تێکەڵاوی یەکتری دەبن.. هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا ئەو ماسکە لە ڕووی مرۆڤایەتی بکاتەوە، کە بەناوی عەشقەوە جوانییەکانیان دەشیواند.. بێوەفایی و بێبەڵێنی و دڵڕەقی و ناپاکی ئەڤیندارەکەی، ئازاری بێوێنەی ڕۆحییان داوە.. ئەمانە هەمووی لە زۆرێک لە شیعرەکانی بە ڕوونی و ئاشکرا هەستیان پێدەکرێ.. سارا شاعیرێک بوو، ئەگەر عەشقیان لێ بسەندبایەوە نەیدەتوانی بنووسێت، هەندێکجار تا ئاستی وەهم باسی عەشق و جوانییەکانی عەشق دەکرد، لە نێو ئەم خەیاڵە وڕێنەییانەی دەمایەوە.. عەشق فراوانترین و بەرینترین ڕووبەر و شوێنی لە نێو شیعرەکانی داگیر کردووە.. وە ئەو خەڵاتە شیعرییەی کە لەساڵی ١٩١٨ وەری دەگرێت، بە هۆی کۆمەڵە شیعرێک بووە بەناوی (گۆرانییەکانی عەشق). جگە لەم کتێبە شیعرییەی، زۆرێک لە کۆمەڵە شیعرەکانی تری، بەژێر قەڵەمی ڕەخنەگران ڕەتبوون و هەوڵەکانیان بە داهێنانی بەرز نرخاندووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٠ بۆ کۆمەڵە شیعری (مەشخەڵ و سێبەر) لە (ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز) ئەم دیوانەی بە (بە ڕووباری لەزەت ناو دەبەن). یان بەمشێوە باسی دەکەن کە، (ڕێبوارێکە بە پێدەشتی هونەر دا دەڕوات و ئومێد و خەمە گەورەکانی بەسەر شانەوەیە...!). سارا تیسدەیل عاشقێکی ماندووە هەم لەنێو ژیان و هەم لەنێو شیعر.. ئەگەر (مارتن هایدگەر) زمانی شیعر بە (ماڵی بوون) دابنێت، ئەم شاعیرە عاشقەمان زمانی شیعر بە (ماڵی عەشق) دەزانێت.. یان خودی شیعر بە (ماڵی عەشق) دادەنێت.. لەنێو ئەم ماڵەشدا، لە ڕێی عەشقەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ژیان دیاری دەکات.. دەکرێت بۆ ئەم، عەشق ئەم پێکهاتە سیحرییە بێت یان جۆرە وزەیەک بێت کە، هێزی مانەوەی لەنێو ژیان دا پێ دەبەخشێت، لە

هەمانكاتیش ئەو هێزەشی پێ دەبەخشێ كە بە هۆیەوە بتوانێت ماڵئاوایی لە ژیان بكات.. واتە بیر لە مردن و خۆكوشتن بكاتەوە.. یان ژیانی پڕبكات لە نائومێدی و بێهوودەیی..! كە لە بەشەكانی دواتری ئەم لێكۆلینەوەیەمان باسی دەكەین. لەنێو شیعرەكانی سارا تیسدەیل، عەشق ئەو چەمكە فراوانە نییە كە هەموو پیرۆزییەكان لەخۆ بگرێت.. بۆ نموونە (عەشق بۆ خاك، بۆ نیشتیمان، بۆ خوداوەند، بۆ سروشت، بۆ درەخت، بۆ باڵندە... هتد) ئەو ئەم عەشقە قووڵەی كە ڕووبەری هەموو شیعرەكانی داگرتووە بریتییە، لە نێوان عەشقی خۆیی و ئەڤیندارەكەی.. پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەرامبەرەكەی بەمانای، (من و تۆ) یان (ئێمە) بە مانای عەشقی (من و تۆ) یان عەشقی (ئێمە). سارا لە شیعری (شەو) دا دەڵێ..

**مانگ بۆ گوڵە زەردەكان دەچەمێتەوە**
**ئاسمانیش هێشتا هەر شینە**
**ئاسمان بۆ مانگ دروست بووە كە بیگرێتە خۆی**
**منیش بۆ تۆ**
**مانگ گوڵێكە بە بێ هەڵم**
**لە ئاسمان دەبریسكێتەوە**
**ئەبەدییەت بۆ ئەوان دروست بووە**
**شەویش بۆ ئێمە**

لەم شیعرەدا، باسی عەشقێكی قووڵمان بۆ دەكات، عەشقێكی ئەبەدی.. لەم كورتە شیعرە وێنەیەكی زۆر سەركەوتوومان پێشان دەدات، لەنیو وێنەكەدا پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان (مانگ و ئاسمان و/ ئەبەدییەت) هەروەها (عەشق و شەو و/ ئێمە). زۆر زانستیانە لە بوون و سروشت دەڕوانێ.. باسی بوونێكی ئەبەدیمان بۆ دەكات.. بە ئاشكرا پێمان دەڵێ (ئاسمان بۆ مانگ و ئەستێرەكان دروست بووە ئەم بوونەش بوونێكی ئەبەدییە... !) مەبەستیەتی بڵێ (ئاسمان بۆ ئەوە دروست بووە كە تا ئەبەد

مانگ بگرێتە باوەش، منیش بۆ تۆ..!) بە مانای ئەمیش دەیەوێ تا ئەبەد ئەڤیندارەکەی بگرێتە باوەش. ئەم جۆرە هەستە قووڵە یان ئەم عەشقە ئەفسووناوییە مەگەر تەنها لە داستانەکان دا هەبێت. لەم دیمەنەدا، وەک چۆن پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان (ئەبەدییەت و ئاسمان و مانگ).. هەمان پەیوەندی لەنێوان (شەو و عەشق)دا نەخشاندووە.. هەرچەندە لەم وێنەیەدا دەکرێ دوو خوێندنەوەی بۆ بکەین. یەکەم/ ئەبەدییەت بۆ ئاسمان و مانگ دروست بووە، ئەمە کردارێکی پۆزەتیڤە واتە، درەوشانەوەیە بەڵام، شەو بۆ عەشقی ئێمە واتە، دیوی تاریکی و ناڕۆشن کە، ئەمەشیان نێگەتیڤە.. بەڵام ئەم لە پشتی شەو مەبەستیەتی دیمەنێکی درەوشاوە و پۆزەتیڤمان پیشان بدات، ئەویش (شەو بۆ عاشقان کاتی چوونە ژووان و دەست لەملانێ و ڕامووسانی و تێکەڵاوبوونە..! بە مانای شەویش ئەبەدییەتی عاشقانە...!)

**یان لە شیعری (کەمتر لە هەور بۆ باران) دا دەڵێت..**

**کەمتر لە هەور بۆ باران**
**کەمتر لە هەڵم بۆ ڕووبار**
**کەمتر لە گوڵ بۆ ڕەشەبا**
**ئەی من بۆ تۆ**

**زێتر لە ئەستێرەکان بۆ شەو**
**زێتر لە باران بۆ درەخت**
**زێتر لە بەهەشت بۆ زەوی**
**تۆ گرینگی بۆ من**

تەمەنی ئەم شیعرە نزیکەی سەد ساڵێک دەبێت ڕەنگە زێتریش بێت.. بەلاّم لە ڕووی ستایل و زمان و جوانکارییەوە لە ئاستێکی بەرزی داهێنان دایە.. دیمەنێکی جوانی لەنێوان دوالیزمی (کەمتر و زێتر) نەخشاندووە، هاوکات وەک چۆن هەور بۆ باران پێویستە و دەیەوێت بزانێت خۆی چەندە بۆ ئەو گرینگە یان پێویستە.. خۆی دەزانێت بوونی ئەڤیندارەکەی چەند بۆ ئەو هونەر و گرینگە.. زێتر لە ئەستێرەکان بۆ شەو، زێتر لە باران بۆ درەخت، زێتر لە بەهەشت بۆ زەوی.. لە زۆربەی شیعرەکانی ئەم سووتانە یان ئەم چەمانەوەیە و کڕنووش بردنەی تیایە بۆ دڵدارەکەی. لە هەمانکاتیش، عەشقەکەی پڕاوپرە لە پرسیار و پرسیارەکانیشی پڕن لە ترس و گومان.. هەمیشە خوازیاری ئەوەیە وەک چۆن ئەم بۆ دڵدارەکەی دەسووتێ ئەمیش بۆ ئەو بە هەمانشێوە بێت.. وەک چۆن دڵدارەکەی بۆ ئەم وەک هەناسە گرینگ و پێویستە، دەیەوێت ئەمیش بۆ ئەو بەم جۆرە بێت.. بۆیە هەمیشە لەنێو گومانێکی گەورەدا دەژی.

هەروەها لە شیعری (لیگەڕێ تۆ بی) لە شوێنێکدا دەڵێ..

**ڕۆژێک دێ لەم هەموو بێدەنگییەم تێبگەی**
**کە هەمیشە ئەوەت دەزانی**
**من هێندەم خۆش دەویستی**
**هیچ کەسێکم هێندەی تۆ خۆشنەویستووە...!**

سارا عاشقێک بووە بێئەندازە دڵدارەکەی خۆی خۆشویستووە، لەهەمانکات، بێئەندازەش دڵسۆز و بەوەفا بووە بۆی.. نەیتوانیوە هیچ کەسی وەک ئەم خۆشبوێت.. بە هەستێکی مرۆییانە مامەڵەی لەگەڵ عەشقەکەی دا کردووە، ئامادەبووە ژیان و هەموو شتێکی لەپێناو عەشقەکەیدا بکاتە قوربانی.. لە شیعری (شەونم) هەمان هەست و وەفای مرۆیی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ..

**من خەون بەوە دەبینم ئەو هی من بێ**
**من خەون بەوە دەبینم ئەو ڕاستی بێت**
**من هەموو دنیاکەی دەپارێزم**
**وەک چۆن گەڵاو گوڵەکان شەونم دەگرنە باوەش**
**هۆ گوڵاڵە تینووەکە**
**هۆ دڵە بچکۆڵانەکە**
**ئاگاداربە**
**پێویست ناکات ئومێدی ئەوە بخوازی**
**سەدان گوڵ بگریتە باوەش**

لێرەدا هەمان ئەو هەستەی پێشووی دووبارە دەکاتەوە، کە خەون بەوە دەبینێت دڵدارەکەی ڕاستی بێت و وەهم نەبێت، وە خەونیش بەوە دەبینێت کە بۆ ئەم بێت بۆ کەسیتر نا، لەگەڵ ئەم ئومێد و خەونە خۆشانەی، دڵە بچکۆڵانە و بێگەردەکانیش ئاگادار دەکاتەوە کە، خەون بەوە نەبینن کە سەدان گوڵ بگرنە باوەش و سەدان گوڵ بۆن بکەن تەنها گوڵێک و بەس.. ئەویش گولێکی ڕاستەقینە نەک وەهم و خەون.
لە شیعری (فڕین) لە شوێنێکدا دەڵێ..

**ئێمە دوو هەڵۆین**
**بەیەکەوە دەفڕین**
**لەژێر بەهەشتەکانەوە**
**بەسەر چیاکانەوە....**
**هەور بە دوامانەوە لوول دەخوات**
**وێنەی ناسکیمان دەکێشێ.**

گوتمان عەشق ئەو هێزەی پێ دەبەخشێ دەتوانێ ژیان بەجۆرێکی تر ببینێت.. تا ئەوپەڕێ درەوشانەوە ئومێد بەخش بێت. کەسێکی بە توانا و بەرچاو ڕۆشن بێ و ژیان جوان و ناسک ببینێت، تابلۆکانی ژیان پڕکات لەڕەنگە ئاجوغە ناسکەکان، ژیان پڕکات لە سەما و گۆرانی ئەوەتا، عەشق وای لێدەکات بڵێ، (ئێمە دوو هەڵۆین...) هەڵۆ لە هەموو کەلتوور و زمانێک هێمایە بۆ هێز و توانا و خۆ ڕاگری..) بەیەکە دەفڕن بۆ هەموو شوێنێک (لە ژێر بەهەشتەکانەوە، بەسەر چیاکانەوە، بەنێو بادا،... هەوریش هەر بەدوایانەوەیە و وێنەی ناسکی و جوانییان دەکێشێ..!) چ خەیاڵێکی ڕۆمانتیک و ڕەنگینە..؟ چ ناسک و نەشئەئامێزە ژیان کاتێک، دیوە درەوشاوەکەی عەشق دەبینین.. کاتێک عەشق دەبێتە کەژاوەیەک لە سەما و خۆرەتاوێک لە ڕووناکی..؟

یان لە شیعری (ڕامان) دا دەڵێ..

**ستریفۆن لە بەهار ماچی کردم**
**ڕۆبینیش لە پایزدا**
**بەڵام کۆلن تەنها سەیری دەکردم**
**هەرگیز ماچی نەدەکردم**

**ماچی ستریفۆن لە هەزەلیەت دا ونبوو**
**هی ڕۆبینیش لە یاری**
**بەڵام ماچی نێو چاوەکانی کۆلن**
**ڕاویان دەکردم بە ڕۆژ و شەو**

لێرەدا هەست ناسکی و خەیاڵپەروەری شاعیرمان بۆ دەردەکەویت، قسەیەکی تەقلیدیش هەیە کە دەڵێن (شاعیر کەسایەتییەکی هەست ناسکە..!) دیارە ئەم قسەیە تا ئاستێک حەقیقەتی تیایە.. دەکرێ لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین/ بۆچی شاعیران لە کەسانی ئاسایی زێتر لە خەیاڵ نزیکن و لە خەیاڵدا دەژین..؟ ئەمەش بابەتێکی گرینگە و پەیوەندی بە خودئاگا و ناخودئاگایی کەسەکە واتە شاعیرەکەوە هەیە، کە دواتر ڕۆشنتر دێینە سەری.. ئەگەر بڕوانینە ئەم شیعرەی سارا هەمان ئەو ڕاستیانە دەبینین کە ئێستا گوتمان.. (ستریفۆن لە بەهار ماچی کردووە، ڕۆبین لە پایزدا بەڵام کۆلن هەرگیز ماچی نەکردووە هەر سەیری کردووە، واتە تەنها بە خەیاڵ ماچی کردووە یان تەنها بە ڕوانین بەمانای تەنها بە چاو.. کەچی ئەم ماچە خەیاڵییە، ئەم ماچە وەهمییە، شەو و ڕۆژ ڕاوی کردووە..!) تەواو گیرۆدەی کردووە و کاریگەری لەسەر هەموو دەمارەکانی هەست و سۆزی جێهێشتووە.. لێرەدا ناسکی سارا مان بۆ دەردەکەوێت، کە تەنها بە سەیرکردن و خەیاڵ هەستی بە چ جۆرە ماچێک کردووە، کە لەنێو قووڵترین هەستی خۆشەویستی سەرچاوەی گرتووە...! لەهەمان کات تامەزرۆیی و تێنوێتی لێوەکانی ئەو کەسە بۆ ماچ و ئاوێزانبوون و تێکەڵاوبوون دەردەخات.

## -تەنیایی

سارا تیسدەیل ژیانێکی پڕ میحنەت و ئازاری هەبووە.. تەنیایی ڕووبەرێکی گەورەی لە ژیانیدا داگیر کردووە و کەسێک بووە دەتوانم بڵێم لەنێو تەنیاییدا گەورە بووە. تەمەنی منداڵێتی ئەو پڕ موعانات و نائومێدی بووە.. تا تەمەنی نۆ ساڵی لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی، نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە.. قۆناغی منداڵێتی سارا بە ڕێگا ئاساییەکاندا تێنەپەڕیوە، بێبەشبووە لە چوونە نێو دنیای منداڵان و قوتابخانە و یاری و مومارەسەکردنی خەون و هەستەکانی منداڵی.. ئەم منداڵێکی نەخۆش و دابڕاو بووە لە جیهانی ڕەنگینی منداڵان.. قۆناغی منداڵێتی ئەو، سەرەتای تێکەڵبوون و ڕووبەڕووبوونەوە بووە لەگەڵ هەسی تەنیایی.. سەرەتای چوونە نێو دنیای دابڕان و بیرکردنەوە و خەیاڵ بووە.. ژیان لەگەڵ خەون و وەهم.. هەرچەندە سارا بە درەنگ وەختەوە دەست دەکات بە خوێندن و دەچێت بۆ قوتابخانە بەڵام، کەسێکە لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان و قورسایی ژیانی کۆڵ نادات و بەدوای ئومێد و خەونەکانی خۆی دا دەکەوێت. وەک شاعیرێک بە هۆی داهێنانەکانییەوە، زۆرێک لە دەرگاکان لەبەردەمی دا دەکرێنەوە و دەستی بە زۆرێک لە ئومێدە جوانەکانی را دەگات.. بەڵام، تەنیایی دەبێت بەشێک لە ژیانی و تا دواچرکەکانی هەناسەدان لێی جیانابێتەوە. سارا لە ساڵی ١٩١٣ دا واتە، لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا، عەشقی بە دووڕیانیک دەگات، لە نێوان دووکەس دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێ، لە نێوان شاعیرێک و بزنزمانێک.. سارا ئەوکاتە بەپێی بیرکردنەوە و عەقلی خۆی، بزنزمانەکە هەڵدبژێرێ.. لە ساڵی ١٩١٤ ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵدا پێکدەهێنێ.. بەڵام، لە ژیانی هاوسەرێتییەکەی سەرکەوتوو نابێت.. ژیانێکی پڕ لە کێشە و پڕ لە ناخۆشی بەسەر دەبات. لە ساڵی ١٩٢٩ واتە دوای پانزە ساڵ، جیا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە نێو ماڵی تەنیایی.. تەنیا و تەنیا و تەنیا.. بە مانایەک تەنیایی لای سارا تەنها تەنیایی جەستە و ئازاری جەستەیی نییە، تەنیاییەکەی ئەم تەنیاییەکی ڕۆحییە، خەم و برینەکانی قووڵ قووڵن، لە ناوەوەن.. ئەم لەنێو

قووڵایی تەنیاییدا دەژی، تا ئەو ئاستەی کەسەکەی ناوەوەی خۆی هەست بە تەنیایی دەکات.. تەنیایی ئەم شۆڕدەبێتەوە بۆ ناخودئاگایی.. بەمانایەکی تر، تەنیایی ئەم دەبێتە بەشێک لە ناخودئاگایی.. گوتمان شیعر نیشتیمان وماڵی عەشق بوو بۆ سارا.. ئەم لەم ماڵەیدا هەمیشە هەستی بە تەنیایی دەکرد.. سارا هەر منداڵێتی خۆی لەدەست نەدابوو، بەڵکو گەورەترین و پڕبەهاترین شتی ژیانی لە دەست دابوو، ئەویش عەشق بوو..! سارا ١٥ ساڵ لەگەل کەسێک ژیا بەڵام، تەنانەت لەم ژیانی هاوسەرێتییەش لەنێو قوولترین قووڵاییەکانی تەنیاییدا دەژیا.. تەنیایی، پەیوەندی بە کات و شوێن و سنوور و نیشتیمان و ماڵ نییە.. تەنیایی ڕۆحی، پەیوەندی بە حەز و ئارەزووەکان و بە خەونەکانەوە هەیە.. بەمانایەکی تر، پەیوەندی بە ڕووبەری ناخودئاگاییەوە هەیە.. سارا لە ماڵەکەی عەشق کەسێکی تەنیا و نامۆ بوو.. وەک چۆن عەشق سێبەری کرد بوو بەسەر سەرجەم شیعرەکانیدا، لە نێو ئەم سێبەرەش تەنیایی رەنگێکی دیار و بەرچاو بوو، پەیکەری شیعرەکانی ئەسمەرتر پیشان دەدا.. هەوڵدەدەین لە خوارەوە هەست و بیرکردنەوە و کاریگەرییەکانی تەنیایی ئەم شاعیرە ناسکەمان، لە نێو شیعرەکانی دا بە چەند نموونەیەک پیشان بدەین.

سارا لە بەشێکی شیعری (من ئەستێرەکان دەناسم) دا دەڵێ...

**بەڵام چاوەکانی تۆ تاریکن بۆ من**
**وەک ئەوەی کە هەمیشە بانگم بکەن**
**من ئەوە نابینم کە خۆشمت بوێ**
**یان هەرهیچ منت خۆشنەویستووە**

**من زۆر شت دەزانم**
**بەڵام ساڵەکان دێن و رەتدەبن**
**من پێویستە بمرم ئەوە نەزانم**
**کە ئەوشتەی دەمێکە دەیزانم**

چ هەستێکی تەنیایی کوشندە لەم شیعرەدا هەیە.. ناخۆشترین شتێک، تۆ لەگەڵ کەسێک بژی و هەست بکەی ئەم کەسە تۆی خۆشناوێت، یان هەر تۆی خۆشنەویستووە.. وە یەقین و دڵنیاش بیت لەم هەستەی خۆت.. ئەوەیە خەم و ئازاری ڕۆحی و تەنیایی ڕۆحی. ئەو بە پێویستی دەزانێت بمرێت.. بەڵام، ئەوە نەبیستیٚ یان ئەوە نەزانێت کە کەسێک نییە ببێتە هاودەمی هەست و سۆزەکانی و یان هاودەمی خەم و خەون و خولیاکانی و وەکو خۆی خۆشی بوێت و لەم تەنیاییە ڕۆحییە ڕزگاری بکات.. بەلام واوەیلا بۆخۆی، ساڵەکان دین و ڕەتدەبن.. تەمەن دەڕوا و ئەمیش لەنیو ئەم خەیاڵە ئازاربەخشانە تابلۆی شیعرەکانی ڕەنگ دەکات و وشەی نێو شیعرەکانی وەک ڕەشەبا بە هاوار دەهێنیٚ.. چەند بەسۆن برینە گەرمەکانی دڵ.. ؟ چەند تاریکن ئەشکەوتە ڕەشەکانی تەنیایی..؟ ژیان بەبیٚ خۆشەویستی نەک هەر تەنیاییەکی ئەبەدییە بەڵکو، مردنێکی هێواشە...!

له شیعری (فڕین) یشدا دەڵێت،،

**کاتێک یەکێک لە ئێمە دەڕوات**
**لێگەڕیٚ با ئەویتر ون نەبێت**

سارا چونکە هەمیشە لەگەڵ کەوتن و دڵشکانەکان گەورە بووە، چونکە لە تەجروبەکانی ژیان و عەشق دا، شکست لەدوای شکستی بینیوە، چونکە کەسێکی هەڵبژارد بوو کە لە بنەڕەتەوە، سوارچاکی نێو خەونەکانی خۆی نەبوو بۆیە، لە هەمووشتێک ترساوە و گومانی لە هەمووشتێک کردووە.. وەک دوو هەڵۆ.. لەنێو گەرمەی فڕین و گەڕان بە نێو کۆلانەکانی هەور، بڕۆننیٚ ئەو بیر لە چی دەکاتەوە...؟ (کاتێک یەکێک لە ئێمە دەڕوات با ئەویتر ون نەبێت..! چونکە لەوە دڵنیایە، ئەویتر هەر خۆیەتی...! وە دڵنیاشە لەوەی هەرچەند لەنیو هەوریشدا بفڕن ئەمان تاسەر بەیەکەوە نابن و ڕێگاکان بۆ درێژماوە تەریب و پێکەوە نابن.. لەنیو فڕینیش دا ئەم لە دابڕان و باڵشکان دەترسیٚ.. لە ونبوون و ژیانی تەنیایی

دەترسیت..! بۆ ئەو تەنیایی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکە.. لەسەر زەوی، لەنیو ئاسمان، لەنیو هەموو وەرز و ساڵەکاندا.. تەنیا و تەنیا و تەنیا..!

یان لە شیعری (گۆرانی شەو لە ئەمالفی) دا دەڵێت:

**ئاخ دەمتوانی گریانی پێ ببەخشم**
**یان گۆرانی**
**بەڵام ئەو بە درێژایی ژیانم**
**بێدەنگی پێ بەخشیم...!**

سارا هەمیشە تەنیا و بێدەنگ بووە.. تۆ لەوە گەڕێ، بۆ ماوەی پانزە ساڵێک کەسێک لە گەلیدا ژیاوە.. لەیەک ماڵ لە یەک ژووری خەوتن.. بەڵام ئەو هەمیشە هەستی بە تەنیایی کردووە، پەپوولەکانی هەست و سۆزی ئەو لە باخچەیەکی تر سەمای خۆیانیان کردووە، لەسەر گوڵەکانی نیو دڵی کەسێکیتر نیشتوونەتەوە.. ئەو هەمیشە لە ماڵی عەشق بۆ خۆی لەسوچێکدا، بەبێدەنگی لە نێو خەیاڵەکانی تەنیایی ماوەتەوە.. لەگەڵ خەون و نائومێدییەکان و وەهمەکانی ژیاوە.. ئەم لەنێو هەموو خۆشییەکانی عەشق لەنێو ئاواز و گۆرانییە بەسۆزەکانی عەشق لەنیو گوڵ و گولزارەکانی عەشق، بەدرێژایی ژیان بێدەنگی پێ بەخشراوە، لە تابلۆ و دیمەنەکانی ژیان، بێدەنگی ڕەنگ و هێڵەکانی تەنیایین، تەنیاییش ماڵێکی هەمیشەیی مردنە...!

هەروەها لە شیعری (خەونەکانی دڵم) دەڵێت..

**خەونەکانی دڵم یان بیری گێژەلووکەییم**
**هیچیان لەگەڵ من نەمانەوە**
**بەڵام بە منداڵی**
**ئارەزوویەکی قووڵم هەبوو بۆ گۆرانی**
**دەکری هەرکاتێک بڕۆیت و بەجێمبێڵی**
**منیش مردن بدۆزمەوە لەویدا بمێنمەوە**
**یاریم لەگەل نۆتەی ئەو شتانە دەکرد**
**کە وەک بارانەکەی دوێنێ، لە بیرکران...!**

خەونەکانی دڵی، یان ئومێدە گەورەکانی، یان خەیاڵە جوانەکانی.. ئەوشتە پێویست و گرنگانەی کە هەمیشە بیری لێدەکردنەوە.. هەموو ئەو شتانە، لەنیو ماڵەکەی عەشق ئومێدی بۆ دەخواستن.. بەڵام، هەموویان لەگەڵ بادا ڕۆیشتن، هیچیان لەگەڵ ئەم نەمانەوە.. ژیانێک بەمجۆرە بۆ ئەو بە هێچ شێوەیەک جیگایەکی نییە لە نێو ئومێد و خەونەکانی.. گەڕان بەدوای مردن و مانەوە لە نێو مردن، بۆ ئەو گەلێک ئارامتر و دروشاوە و پڕبایەخترە... ئەو لەگەل ئەوشتانە دەژیا و یاری بە نۆتەکانی ئەو خەونانە دەکرد کە ئێستاش لەبیرکراون، وەک بارانەکانی ڕابردوو.. بوون بە بەشێک لە ڕابردوو.. مرۆڤ کاتێک تەنیا دەبێت یان لەگەڵ خەمەکانی دەژیت، تروسکاییەکان کزتر و دوورتر دەکەونەوە، یان هەر نابیندرێن.. سارا سەرتاپای ژیانی بەمشێوەیە ژیا، هەموو شیعرەکانی لەنێو ئەم خەیاڵانە هاتبوونە بوون. دیارە شیعری تری لەم بابەتەی گەلێک زێترن بەڵام ئێمە هەر بۆ ڕوونکردنەوە ئەم چەند نموونەیەمان باسکرد.

## - گومان

سارا تیسدەیل مرۆڤێکی هەست ناسک و شاعیرێک بوو، بەردەوام حیکایەتی عەشق و خەمەکانی خۆی دەنووسییەوە.. ماڵی عەشق بۆ ئەو پڕ بوو لە تەنیایی و نائومێدی یان پڕ بوو لە گومان.. هەر وشەیەک، هەر هێمایەک هەڵگری چەندەها گومان بوون. سەرچاوەی گومانەکانیش هەم ترس بوون هەم نیگەرانی.. دیارە بە پێی لێکدانەوەی (مارتن هایدگەر) ترس و نیگەرانی چیاوازییەکەیان لەوەدا بوو، ترس سەرچاوەکەی دیار بوو، بۆ نموونە، کاتێک تۆ لە ئاگر دەترسێی چونکە دەبینی شت دەسووتێنێ.. کەچی، نیگەرانی جیایە/ سەرچاوەکەی دیارنیە، بەڵام، هەستی پێدەکرێ. تۆ سەفەرێک دەکەیت، نیگەرانی ئەوەیت، نازانی دەگەیت یان نا..؟ کە گەیشتی سەرکەوتوو دەبیت یان نا..؟ سارا گومانەکانی هەم ترس بوون چونکە

دەیبینی مرۆڤێک بۆتە شەریکی ژیانی بەڵام، وەک پێویست ئەمی خۆش ناوێت..! نیگەرانی ئەوەش بوو، نەیدەزانی ئایندەی بەرەو کوێ دەروات.. یان دوای ئەم عەشقە ژیانی چ ئاراستەیەک وەردەگرێ.. یان خۆی چی بەسەر دێت..؟ چونکە هەمیشە بیرکردنەوە و خەیاڵی مەترسیدار بە بیری دا دەهاتن.. زۆر بیری لە مەرگ و مردن دەکردەوە.. ژیان هیچ نرخێک و پیرۆزییەکی نەمابوو بۆ ئەو. لە نێو شیعرەکانی بۆ ترس و گومانەکان، دەتوانین نموونەی زۆر بهێنینەوە.. ئەوەتا لە شیعری (من ئەستێرەکان دەناسم) دەڵێت..

**من ئەوە نابینم کە خۆشمت بوێ**
**یان هەر هیچ منت خۆش نەویستووە**

لێرەدا گومانێکی ئاشکرا دەبیندرێ.. گومانی ئەوە دەکات ڕەنگە هەر هیچ خۆشی نەویستبێ..!) لە بنەڕەتیشدا ئەم گومانە لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە.. ترس لەوەی خۆی داوەتە دەست عەشقێک کە هیچ خۆشەویستی و لەزەتێکی بۆ ئەم تیا نیە.. لە هەمانکاتیش نیگەرانییەکی گەورەش لەپشتی ئەم گومانەوە هەیە کە، نازانێت ئایندەی بەرەو گوێ دەڕوات.. چونکە هەروەک باسمان کرد ئەم لەبەردەم دووڕیانێک دا بوو.. یەکێکیانی ڕەت کربوویەوە.. ئێستاش پەشیمانی دادی نادات.. تازە درەنگ وەختە...! یان لە شیعری (ڕۆژی مەی) دا دەڵێ..

**من چۆن لەوە دڵنیابم و**
**دووبارە ببینمەوە**
**دنیا لە ڕۆژی یەکەمی مەی**
**دوای باران بدرەوشێتەوە**

دیاره ئەم شیعره هەستێکی قووڵ و مانایەکی ئێجگار قووڵی هەیە.. ئێمە ناچینە نێو دوورنما و قووڵایی بیرکردنەوەکانی، لە شیعرەیدا تەنها مەبەستمان پێشاندانی لایەنی گومانەکەیەتی.. چونکە بە گومانە نازانێت ئەو دڵنیاییە لە کوێ بێنێ کە، دووباره ئەوە ببینێت، دنیا لە ڕۆژی یەکەمی مەی دوای باران بدروشێتەوە... ! شیعرێکی ئێجگار بەرزە و پڕاوپڕە لە شیعرییەت. یان لە شیعری (لێگەڕێ تۆ بیت) دەڵێ..

**کاتێک لەسەرم ڕادەکشێیت**
**لە دواهەمین ڕۆژدا**
**لێگەڕێ تۆ بیت...**

جارێ هەر لەسەرەتاوە ترسێکی گەورە لەم شیعرەدا هەیە.. دواهەمین ڕۆژ.. ڕۆژی جیابوونەوە و دابڕانیان لە یەکتری پێشان دەدا.. ئەمڕۆ یان سبەی، دەبێتە دواهەمین ڕۆز.. لەهەمانکات، وێنەی گومانێکی گەورەش دەکێشێ. بۆیە داوای لێدەکات و پێی دەڵێت (لێگەرێ با تۆ بیت..!) چونکە کەسەکەی بەرامبەری تەنها بە جەستە لەگەڵ ئەو بووە، رەنگە بە ڕۆح و خەیاڵ لە شوێنێکی تر، یان لەلای کەسێکی تر بوو بێت.. بۆیە گومانی لێدەکات کە خۆی بێت.. وە داوای لێدەکات تەنها بۆ یەکجار یان بۆ دواهەمین ڕۆژ و بۆ دواهەمین جار.. لێگەڕی باخۆت بیت..! وەهەروەها نیگەرانی ئەوەش/ کە دوای ئەم دابڕان و جیابوونەوەیە، ئاخۆ دەبێ ژیانی بەرەو چ مەرگەساتێک بڕوات...؟ لە چ ڕووبەرێکی نادیار خۆی ببینێتەوە...؟

لە پشتی ئەم گومانانەش پەشیمانییەکی گەورە یان هەستکردن بە تاوان دەبیندرێ.. چونکە خۆی ئەم چارەنووس و قەدەرەی بۆخۆی هەڵبژاردووە...! ئەمە خواست و ئارەزووی خۆی بوو.. بە ئارەزووی خۆی شاعیرێکی هەست ناسکی ڕەتکردەوە و کەسێکی بزنزمانی هەڵبژارد...! چۆن هەست بە پەشیمانی و تاوان نەکات...؟ ماڵی عەشق بۆ ئەو ببوو بە (ماڵی مردن و تەنیایی و گومان و ترس و نیگەرانی...!). خالێکی تر کە پێویست دەکات لەم

بەشەدا باسی بکەین ئەویش، پرسیار کردنە...! سارا لە نیو شیعرەکانیدا پرسیار زۆر دەکات.. دیارە پرسیاریش بۆ ئەوە دەکرێت کە بۆ گەڕان بەدوای زانین و فێربوون، بۆ دەستکەوتنی وەڵام.. بەڵام پرسیارەکانی سارا گومانی گەورەی لەپشت بوون..زۆرجارانیش کە مرۆڤ گومانی لە شتێک هەبێت، پرسیار دەکات بۆ ئەوەی وەڵامی زیاتری دەست کەوێت و بگاتە ئاستی دڵنیا بوون.. بەڵام، سارا هەرگیز بەم ئاستەی دڵنیابوون ناگات، تاسەر لەنێو گومانەکانی دەمێنێتەوە و بۆیە بەردەوام پرسیارەکانی دەکات..؟ هەروەک دەبینین لە شیعری (کەمتر لە هەور بۆ باران) دا دەڵێ...

**کەمتر لە هەور بۆ باران**
**کەمتر لە هەڵم بۆ رووبار**
**کەمتر لە گوڵ بۆ ڕەشەبا**
**ئەی من بۆ تۆ...؟**

یان لە شیعری (پێویستە گوێی پێ نەدەم) دا دەڵێ..

**من پێویستە هێمن بم**
**وەک ئارامی گەڵای درەختەکان**
**کاتێک باران شۆڕدەبێتەوە بۆ خەرەندان**
**پێویستە من بە دڵی خەمناکمەوە بێدەنگ بم**
**ئەوکات تۆ ئەمە دەزانی...؟**

دیارە لێرەدا باسی ئاکامەکانی دوای ئەم عەشقە دەکات، باسی ئایندەیەک دەکات کە لە هۆش و بیری خۆی نەخشەی بۆ کێشاوە.. چونکە ئەو لە تەمەنی عەشقی خۆی بە تایبەت، لە ساڵەکانی پێش لێکدابڕانیان بۆ ساتێکیش ئەم هێمنی و ئارامییەی بۆ خۆوە نەبینی بوو.. ئەم هێمنی و بێدەنگییە مەبەستی مردنە.. بۆیە پرسیاری لێدەکات و دەڵێ، وەک چۆن باران شۆڕدەبێتەوە بۆ خەرەندا، ڕۆژێک دادێ منیش بە دڵی خەمناکمەوە بۆ نێو

مردن شۆڕ دەبمەوە و لەوێدا بۆ تاهەتایە بێدەنگ دەبم، ئایا تۆ ئەمە دەزانی..؟ چ پرسیارێکی گوماناوی و مەترسیدارە..؟ یان لە شیعری (شەوی بەهار) سەرتاپای ئەم شیعرەش باسی حیکایەتی عەشق دەکات و لە ئاکامی نائومێدییەکانی یان باشترە بڵێین گومانەکانی بە شێوەی پرسیار دەردەبڕێ و زێتر لە پرسیارێک دەکات.. بۆ نموونە دەڵێ (دوای عەشق من بۆ بگریم..؟/ من بۆ نا بەختەوەرم...؟ من بۆ کێ هەموو جوانی خۆم بسووتێنم..؟ ئاخ جوانکیلەکە ئایا بەس نییە..؟ ئەمانە و چەندین پرسیاریتر...!). لە پشتی ئەم پرسیارانەوە گومان و ئامانجەکانی خۆی پێشان دەدات.. پرسیارەکان دەبن بە میتافۆر و کۆد پێویستییان بە هەڵوەستە و تێڕامان و وردبوونەوە هەیە.. کە شیعرەکانی سارا دەخوێنییەوە، گومانەکان هێندە بە تۆخی هەست پێدەکرێن تا ئاستی نامۆیی، هەست دەکەی ئەم مرۆڤە نامۆیە بە هەموو شتێک. زمانە شیعرییەکەی پڕ دەبێت لە ڕەشبینی و بەشێوەیەک نامۆ تا ئاستی ئەوەی حەز دەکات دەرگای ژیان لەهەموو بارێکەوە بە ڕووی خۆی دابخات. هەروەکو لە شیعرەکان دەخوێنینەوە، (دەیەوێت لە ژیان ڕابکات.. بەدوای مردن دا بگەڕێت و بیدۆزیتەوە و لە نێویدا بمێنێتەوە...!) ئەمە هەستێکی قووڵی نامۆبوونە. نامۆبوونیش بە شێوە گشتییەکەی، بارودۆخێکی بوونی مرۆڤە، چەمکێکی گشتییە و هەروەها کێشەیەکی بەرفروانە، ڕەهەندەکانی لایەنەکانی فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زۆرێک لایەنیتر دەگرێتەوە.. زۆرێک لە فەیلەسوفان و زانایان لەسەر نامۆیی قسەیان کردووە و شیکار و بەدواداگەڕانیان بۆ کردووە،، نامۆیی لە (کانت) ەوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە (فیختە) و (شوبنهاوەر) و (هیگل) و (مارکس) و تا بوونخوازەکان بە تایبەت، (مارتن هایدگەر) و (ژان پۆل سارتەر).. بە شێوەیەکی گشتی هەموو پێناسە و ڕاڤەی نامۆییان کردووە بەڵام، لێرەدا بە جیا لە قسەی ئەم فەیلەسوفانە حەزدەکەم تەرکیز بکەمە سەر قسەکانی (د محەمەد کەمال) لە پێشەکی (کتێبی نامۆ) دا کردوویەتی و دەڵێ... (نامۆیی بە مانا گشتییەکەی بارودۆخێکی بەسەرا سەپێندراوە لە بوونی مرۆڤدا، کە مرۆڤ لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکاتەوە و

دەیکات بە بێگانە.. یان دەڵێت، لەم بارودۆخەی بووندا مرۆڤ دەبێت بە کەسێکی دیکە و خۆی ون دەکات و ژیانیشی دەبێت بە لاسایی کردنەوە...!)..
ئەم پێناسەیەی (د. محەمەد) مەعریفییانە مەبەستەکەی ئێمە زێتر ڕوون دەکاتەوە.. لە تەک ئەمەش، ئێمە دەمانەوێت قسە لە پەیوەندی نێوان نامۆیی و شیعر بکەین.. نامۆیی خۆی چەمکێکی گشتییە و، فەلسەفە و زانست ئیشی زۆریان لەسەر کردووە، هەروەها نامۆیی لەنێو شیعریش بە شێوەیەکی بەرچاو دەبیندرێ.. واتە نامۆیی لەلای شاعیران دیاردەیەکی فرە باو و بەرچاوە، هەروەک لە شوێنی تر باسمان کردووە کەوا، شیعر لەسەر مەعریفە ئیش دەکات بۆیە، لە فەلسەفە نزیک دەبێتەوە، تەنانەت لە زانستیش.. ئەوەتا زۆرێک لە فەیلەسوف و زانایان ئیشیان لە سەر شیعر کردووە. هەر بۆ نموونە.. (سیگمۆند فرۆید) بۆ نووسینەوەی زانستە دەروونییەکانی سوودی لە دەقەکانی (شکسپیر) بینیوە، (مارتن هایدگەر) ئیشی لەسەر شیعرەکانی (هۆلدەرلین)کردووە، هەروەها (جولیا کریستینا) بۆ شیکردنەوە چەمکەکانی سیمۆلۆژیا و بابەتە دەروونییەکان، ئیشی لەسەر شیعرەکانی (مالارمێ) کردووە و زۆرانیتر.. لێرەوە دێینەوە سەر سارا تیسدەیل دەبینین ئەمیش لەنێو ماڵی عەشق، گومانەکانی پڕاوپڕن لە نامۆیی، تا ئاستی ونبوون.. تا ئاستی ئەوەی، نامۆ بێت بەو عەشقەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەنێویدا ژیا.. یان بەهۆی ئەم عەشقەی لەژێر زەبری کەسێکی دیکەدا خۆی ونکردووە بۆتە کەسێکی تر و ناتوانێ نوینەرایەتی تواناکانی خۆی بکات یان ناتوانێت خۆی بێت، وەک حەقیقەتی خۆی بیر بکاتەوە و بڕیار بدات و بژی، ئەمەش لە نێو شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی ئەوەی نامۆ بێت بە ژیان و دەوروبەر، تەنانەت نامۆش بێت بە خۆدی خۆی.. چونکە ئەو بە ئومێدی کەسێکی تر و عەشقێکی تر بوو. یان باشتر بڵێین بە ئومێدی ژیانێکی تر بوو. ئەو ژیانەی لەنیو خەیاڵ و خەونەکانی نەخشەی بۆ دەکێشا و وێنای دەکرد، ئەوە نەبوو کە ئەم ئێستا لە نێویدا دەژی.. عەشق نامۆی و بێگانەی کردبوو بە هەموو شتێک...! وایلێکرد بوو لەنێو ئەم ڕووبەری عەشقە یان لەنێو تەواوی

ڕووبەری ژیان نامۆ بێت.. ئەم هەستە گوماناوییەش سایەی کردبوو بەسەر زۆرێک لە شیعرەکانی.. بۆ نموونە لە شیعری (ماچ) دا، دەڵێ..

**من بە ئومێد بووم خۆشی ویستبام**
**دەمی ماچ کردبام**
**بەڵام من وەک باڵندەیەکی بریندار وام**
**کە نەتوانێ بگاتەوە باشوور**

ئەو نائومێدییەی لەم شیعرەدایە، لە زۆرێک لە شیعرەکانی تریش دەبیندرێن.. ئەم وەک باڵندەیەکی بریندار وایە ناتوانێ بگاتەوە باشوور، جگە لەوەی بە ڕۆح و جەستە و دڵ بریندارە، شەکەت و هیلاک و ماندووە، ڕەنگە ونیش بووبێت، بۆیە نەتوانێ بگاتەوە باشوور، سارا لە نێو ماڵی عەشق و لە نێو نیشتیمانی شیعر و لە نێو تەواوی ژیان ون بوو بێت.. بەو مانایەی نەیدەزانی ئاراستەکانی ژیانی بەرەو کوێ دەڕۆن...! خۆی دابووە دەست قەدەری مەرگ، یان بەمانایەکی تر، پشتی لە ژیان و رووی لە مەرگ کردبوو.. ئەمەش جۆرێک بوو لە یاخی بوون. یاخیبوونیش لوتکەی نامۆ بوونە بە ژیان و دەوروبەر.. ئەوەتا لە ئاکامی ئەم گومان و نامۆبوونە، خەونەکانی بەتاڵ دەبنەوە یان دڵدارەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی لە خەونەکانی دوور بکەوێتەوە، هەروەک لە شیعری (ماڵی خەونەکان) دا باسی دەکات، کە ئەمەش کارەساتیکی گەورە و خەمناکە، مرۆڤەکان لە خەونەکانیان دوور بکەونەوە یان خەونەکانیان بەتاڵ ببنەوە. ئەمەش قووڵایی نائومێدی و دەستبەردار بوونە لە ژیان.. یان بارودۆخێکی نامۆ و نەگونجاوت بەسەردا سەپێندراوە ناتوانی بەرگەی بگریت. یان نامۆ و بێگانە دەبیت بەرامبەری.. بۆیە زۆرێک لە مرۆڤەکان لە بارودۆخی وادا، تووشی نائومێدی دەبن.. ساراش ئەم نائومێدییەی لەنیو زۆرێک لە شیعرەکانی دەربڕی بوو.. بۆ نموونە لە شیعری (ناشتنی عەشق) دەڵێت..

**من هاتووم عەشق بنێژم**
**لەژێر دارێک**
**لە دارستانێکی بەرین و تاریک**
**تا کەس نەتوانێ بیبینێ...!**

ئەگەر دیقەت بدەینێ دەبینین، هێندە بە عەشقەکەی نامۆیە تا ئەوپەڕی نائومێدی.. دەیەوێت عەشقەکەی بنێژێت، لە شوێنێکی هێندە تاریک، نە خۆی و نە هیچ کەسێکیتر نەتوانن بیبینن...! یان لە شیعری (دوای عەشق) دا دەڵێ..

**ئیتر سیحرەکە بە تاڵبوویەوە**
**ئێمەش بینیمان وەک کەسانی تر**
**تۆ چیتر بۆ من موعجیزە نیت**
**هەروەها منیش بۆ تۆ...!**

لەم شیعرەدا کاتێک، دەگاتە ئەوپەڕی نامۆیی، یان باشترە بڵێین ئەوپەڕی نائومێدی ئیتر هاوارێکی یاخییانە دەکات و دەڵێت/ ئیتر بەسە، ئەم بارودۆخە نەگونجاوەی بەسەریدا سەپێندراوە و کە تیایدا ئەم نامۆییە رەتدەکاتەوە و دەڵێ.. ئیتر تەواو، سیحری جوانییەکان و خۆشییەکانی ئەم عەشقەمان بەتاڵبوونەوە.. ئێمە وەک زۆرێک لە عاشقانی تری وەک خۆمان ئەم باتاڵبوونەوەیەمان بە چاوەکانی خۆمان بینی.. ئیتر تەواو، نە چیتر تۆ بۆ من موعجیزەی نە منیش بۆ تۆ.. ئەمەش دیوێکی تری، لووتکەی نامۆیی و نائومێد بوونە، بۆیە ژیانی بە خۆکوشتن کۆتایی هات...!

جۆزەردانی ٢٩١٤



# شیعر و خۆکوشتن

# (سارا تیسدەیل بە نموونە)

## _ خۆکوشتن لە شێوە گشتییەکەی دا

خۆکوشتن کردارێکی ئازادانەی مرۆڤە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی، دیاردەیەکە لەگەڵ دەستپێکردنی ژیان سەری هەڵداوە، لە هەموو زەمەنەکان و لە هەموو شوێنەکان ئامادەیی هەبووە. خۆکوشتن هۆکارەکەی کۆمەڵایەتی بیت یان دەروونی، بەرئەنجامی نائومێدییەکی گەورەیە، نائومێدییەک کە هیچ جۆرە پەیوەستبوونێکی ئەم کەسە بە ژیان ناهێڵێتەوە. بەمانایەک، ئەو کەسە دەمێکە دەرگای ژیانی بەڕووی خۆی داخستووە و لەگەڵ ئایکۆنەکانی مەرگ مامەڵە دەکات. یان گەیشتۆتە شوێنێک یان پنتێک کە بە بڕوای ئەو، لەوێدا ژیان و مەرگ بەیەک گەیشتوون. لە کلتوورە جیاوازەکان بیرکردنەوەی جۆراوجۆر هەیە لە سەر خۆکوشتن.. هەندێک بە تاوانی دەزانن، هەندێکیان بە گوناهێکی گەورە. خۆکوشتنی واش هەیە، هەرچەندە ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشتە بە گوناه و تاوانی نازانن بەڵکو، بە سەروەری بۆی لە قەڵەم دەدەن. وەک ئەوانەی جیهاد دەکەن و خۆیان دەتەقێننەوە. یان ئەوانەی لە شەڕدان وە هیچ چارەیەکیان نامێنێ، بەرلەوەی

بکەونە دەست دوژمنەکانیان بە دەستی خۆیان کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن و خۆیان دەکوژن.. هەندێک لە بیرمەند و فەیلەسوفەکان کرداری خۆکوشتن دەگەڕێننەوە بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی.. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک (نەبوونی ئازادی، توندوتیژی لە ڕادەبەدەر، هەژاری، باری خێزانی، فشارەکانی ئایین، زۆرانیتر) بەمانایەک، مرۆڤ کاتێک ئازاد نەبێت لە دیاریکردنی ژیان و ئایندە و خواستەکانی خۆی یان ئازادبوون لە گۆڕینی ژیانی چەقبەستووی، ئیدی تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبێت و هەموو دەرگای ئومێدەکانی بە ڕوودا دادەخرێت. لە پشتی ئەمەوە تووشی چەندین باری دەروونی ناڕێک دەبێت. هەندێک لە بیرمەندەکانیش پێیانوایە هۆکارەکان دەروونین. یان ژیانی بە ئامێربوونی وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان، لە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەو بوونی گۆڕانکاری خێرا لە کەلتوور و باری ژیانی تاکەکان، کە هیچ جێگایەک بۆ شعوور و هەست و سۆزی مرۆڤەکان ناهێڵێتەوە، مرۆڤەکان لە ئاکامی نامۆیی و تەنیایی، یان هەندێکجار بێکاری، دەگەنە ئاستێکی شێواوی باری دەروونی و کوشتنی خەون و خەیاڵەکان لای تاک، کە (دورکهاییم) بە ئەم بارە کۆمەڵایەتییە ناجێگیرە بە (داڕمانی ئەخلاقی) ناو دەبات. کە بە ئیرادە و بە ئارەزووی دڵی خۆیان پشت لە ژیان دەکەن و بەدوای مردندا دەگەڕێن. لە ڕووی دەروونییەوەش بۆ نموونە، (سیگمۆند فرۆیید) پێیوابوو، (ئەوکەسانەی خۆیان دەکوژن غەریزەی خۆشەویستی و ژیانییان لەلا سست بووە و غەریزەی مەرگدۆستییان لەلا بەهێزە).. یان (ئەسکیرۆل) پێیوابوو کە، خۆکوشتن بەرئەنجامی ئەو بارە دەروونییە شێواو و ناجێگیرەیە کە تاکەکان تووشی دەبن و گیرۆدەن بە دەستییەوە کە دەبێتە هۆی داگیرکردنی هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانیان. تەمەن و ڕەگەزیش هۆکارێکی ترن بۆ خۆکوشتن بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ نموونە لە ئەمریکا، خۆکوشتن نۆهەمین هۆکاری خۆکوشتنە لە هەموو تەمەنەکاندا، سێهەمین هۆکاری خۆکوشتنە لە تەمەنی ١٤ بۆ ٢٥ ساڵییدا، یان ژنان بە ڕادەی سێ بەرابەر خۆیان دەکوژن.. لەسەر ئاستی هەموو دنیاش

خۆکوشتن دەیەمین هۆکارە بۆ مردن.. ساڵانە خۆکوشتن لە ٨٠٠ هەزار تا ٩٠٠ هەزار حاڵەت دەبێت. خۆکوشتن هۆکارەکەی دەروونی بێت یان کۆمەڵایەتی یان هەرچییەک بێت گرینگ ئەوەیە کەسەکە خۆی بڕیار دەدات کە (خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت..!)، خۆکوشتن پەیوەندی نییە بە ئاستی وشیاری و مەعریفی کەسەکەوە.. پەیوەندی نییە بە بەهێزی و لاوازی کەسەکەوە. لە هەموو ڕشتە و لە هەموو چین و توێژەکان و لە هەموو ئاستەکان، بۆ نموونە، نووسەر، شاعیر ڕۆماننووس، شانۆکار، بیرمەند، زانا، فەیلەسوف، سیاسەتمەدار..! لێکۆڵینەوەکانیش پێشانی دەدەن هۆکارەکان زێتر دەروونین. بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە کە، شاعیرەکان لە هەموو کەسەکانیتر زێتر باس لەخۆکوشتن دەکەن و خۆیان دەکوژن.. زۆر لە نەخۆشی دەروونی هەن، کە باری دەروونی مرۆڤەکان ناڕێک دەکەن، مرۆڤەکان بە هۆیانەوە گیرۆدە دەبن و ژیانییان بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەروات، پەشێوی و ناڕەحەتییەکی زۆریان بۆ دێنن، خەو و ئارامییان لێ تێکدەدەن، هەندێک لەو نەخۆشییە دەروونییانەش (دڵتەنگی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، شیزۆفرینییا، فۆبیا، هیستیریا، بایپۆلەر...) لە نێو ئەم نەخۆشییانەش (خەمۆکی) زۆرترین ڕووبەری داگیرکردووە، واتە (خەمۆکی) یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆکوشتن.. بۆیە بە پێویستمان زانی هەندێک باسی (خەمۆکی) بکەین. یان پەیوەندییەکانی(خەمۆکی و شیعر) یان کۆد و هێما دەروونییەکانی ئەو شیعرانەی لە دەروونێکی خەمناک و بە ڕەنگەکانی نائومێدییەوە ڕەنگکراون، یان بە قەڵەمی ئەوکەسانە نووسراون کە، بە قووڵی لەگەڵ خەمۆکی ڕووبەڕوون و لەنێو ئەم ڕووبەرە دەروونییە دا ژیاون یان دەژین، کەسانێکن بە واقعی هەست بە تەنیایی و نائومێدییەکی گەورە دەکەن، کەسانێکن بە هەموو شێوەیەک لە ژیان دوور کەوتوونەتەوە و لە دەرەوەی ژیان دەژین.

## _ شیعر و خەمۆکی

خەمۆکی نەخۆشییەکی دەروونیی یان حالەتێکی دەروونیی مرۆڤە، کە بە شیوەیەکی بەربڵاو بە هەموو دنیادا بڵاوبۆتەوە، ڕەنگە هۆکارەکەی لە بارە گشتییەکەیدا، (گەشەی زانست و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیا بێت یان، ئاڵۆزبوونی هاوکێشەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، سەرقاڵبوونی کەسەکان و لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نامۆبوونی مرۆڤەکان و شێوە ژیانی تاکگەرایی...) ئەم بارە نائاساییەی مرۆڤ لە دۆخی خەمۆکیدا، کار دەکاتە سەر ژیان و شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردان و جوڵانەوە و تەواوی چاڵاکییەکانی، وەک خواردن و نووستن و زۆرێک لە چالاکییە ڕۆحییەکان و غەریزەییەکان.. کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و ئاستی تەوەقوعەکانی بەرامبەر بە خۆی، ڕوانین لە جێگە و ڕێگە و تواناکانی خۆی، هەروەها کاردەکاتە سەر پەیوەندییەکانی خۆی بە دەرەوە.. فۆرمێکی نارێک بە بوون و ژیانی خۆی دەبەخشێت. وای لێدەکات تا ئەوپەڕی بێئومێدی، بێئومێد بێت.. ژیان دەبێتە چاڵێکی ڕەش و ئەشکەوتێکی تاریک، لە هیچ لایەکەوە هیچ تروسکاییەک نابیندرێ.. هەموو شتەجوانەکان بێبەها دێنە بەرچاو بەمانایەک، هیچ شتێک نامێنێت تا بۆی بژی. بە ئەندازەیەک لە ژیان دوور دەکەونەوە کە تەواوی تواناکان و هەستەکانییان سست دەبن، هەروەها غەریزەی مانەوەیان لاواز و کاڵدەبێتەوە، کە بە شێوەیەک مردن بە ڕێگاچارەو گەیشتن بە مەنزڵگەی ئارامی دەزانن، مردن دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕزگاربوون. خەمۆکی جیاوازە لەگەڵ دڵتەنگی. خەمۆکی نەخۆشییەکی دەروونی درێژخایەن و بەردەوامە بەڵام دڵتەنگی حالەتێکی ڕۆژانەیی یان کاتی و سروشتییە، هەموو کەسێک دڵتەنگ دەبێت، بەڵام مەرج نییە هەمووکەسەکان خەمۆکییان هەبێت. یان لەوانەیە کەسی خەمۆک دڵتەنگ نەبێت، بەڵام ئومێدی بە ژیان نامێنێت. خەمۆکی زۆر دەرهاویشتەی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە، هەستکردن بە

ئێشوئازارێکی زۆر. دوورکەوتنەوە و گۆشەگیری، ئۆقرەنەگرتن و زێتر دەستبردن بۆ توندوتیژی.. بەمانایەک، ستایلی ژیانی کەسی خەمۆک بە تەواوی گۆڕانی بەسەر دادێت. زۆربەی کەسانی خەمۆک بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە و بە کرداریش دەستی بۆ دەبەن. ئافرەتان لە پیاوان زێتر تووشی خەمۆکی دەبن. دەتوانین بڵێین بە ڕادەی سێ بەرابەر.. بۆ زێتر تێگەیشتن لە کاریگەری خەمۆکی بەسەر دەروونی شاعیرەکان و ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییانە لە نێو ڕووبەری دەقە شیعرییەکان وا پێویست دەکات، لەو دەقە شیعرییانە بڕوانین کە سیمایەکی خۆمۆکییان پێوە دیارە، ئەو شاعیرانەی نا ئومێدییەکی گەورە بە دەقەکانییانەوە دیارە زێتر ئەوانەن، کە بەدەست خەمۆکییەوە دەناڵێنن.. ئەم جۆرە دەقانە بڕاوپڕن لە (تەنیاییەک تا ئاستی شێتبوون، نائومێدییەک تا ئاستی مردن) لەم جۆرە دەقانە، ژیان جگە لە زیندانێکی تاریک هیچ شتێکی تر نییە.. دیارە هیچ کەسێک لە ژیانیدا بەردەوام دڵخۆش و بەختەوەر نییە بەڵام، هەندێکەس پێیانوایە، (ئەوان هەرگیز بۆ تەنها جارێک و تەنها بۆ چرکەیەکیش ناتوانن ئاسوودە و بەختەوەر بن...!) ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەی کەسانێکن کە تا سەر ئێسقان و زۆر بە قووڵی غەرقی خەمۆکین، لە نێو ئەم جۆرە دەقە شیعرییانە زمانی خەمۆکی قسە دەکات، کە بریتییە لە زمانی نائومێدی و زمانی قێزبوونەوە لە ژیان و زمانی تەنیایی و زمانی تاریکی و زمانی مەرگ.. ! زمانێک کە هیچ جۆرە دەربڕینێک و وەسفێکی پێ نییە بۆ خۆشییەکان و بەختەوەرییەکان و جوانییەکانی ژیان.

## _ شیعر و خۆکوشتن

زۆرجاران بەو شێوەیە باسی شیعر دەکرێت کە، (گەڕانە بە دوای شتە جوانەکان، یان گەڕانە بە دوای حەقیقەتی جوانی، یان ئامانجی شیعر جوانکردنی ژیانە و....)، ئەگەر ئامانجی شیعر جوانکردنی ژیان بێت ؟ ئەی بۆچی شاعیران لە هەموو نووسەرانی تر زێتر خۆیان دەکوژن ؟ ئایا بۆچی دەقە شیعرییەکان لە هەر دەقی ژانرێکیتر زێتر باس لە ڕەشبینی و تەنیایی و نائومێدی، باس لە مەرگ دەکەن ؟ زۆرێک لەم تەنیایی و ڕەشبینی و نائومێدییانەش بە خۆکوشتن کۆتاییان دێت...! خۆکوشتن بۆ...؟ ئایا شیعر هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی مەرگدۆستی...؟ یان ئایا شاعیران هەر لە بنەڕەتەوە هەستی ژیان دۆستییان سست و لاوازە..؟ بۆ گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە وا پێویست دەکات، زێتر لە شیعر ورد بینەوە.. لەو بنەما و پێکهاتانەی کە شیعر ئیشیان لەسەر دەکات، بۆ نموونە زمان. وەک دەڵێن/ شیعر گەمەیەکی زمانەوانییە، یان کردەیەکی زمانەوانییە لە نێو ڕووبەرێکی مەعریفیدا.. زمان لە نێو دەقی شیعری، بەر لەوەی بەهایەکی ئیستاتیکی هەبێت، بەهایەکی (مەعریفی و کۆمەڵاتی) شی هەیە.. بەهای مەعریفی بەو مانایەی، کە شیعر لە نێو ڕووبەری خەیاڵ واتە (ئەندێشە) دێتە بوون.. ئەندێشەش بەرهەمی بیرکردنەوەیە، واتە مرۆڤ کاتێک لە نێو بیرکردنەوەکانی قووڵ دەبێتەوە ئینجا دەگاتە ئاستی ڕووبەری ئەندێشە.. شیعر لەنێو ئەم ڕووبەرە لەدایک دەبێت، شاعیر لەڕێگەی زمانەوە لە نێو ئەم ڕووبەرە گەڕان و کەشفەکانی خۆی دەکات. بۆیە شیعر پەیوەستە بە بیرکردنەوە واتە شیعر لەسەر مەعریفە ئیش دەکات، بۆیە زمان لە نێو شیعردا بەهایەکی مەعریفی لە پشتە.. لە هەمانکاتیش، زمان هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن.. لەپشت هەر کۆد و ئایکۆن و هێمایەکی شیعری، کۆمەڵێک قسەکردن و دەلالەت و مانا هەن، لە ڕێگای ئەم قسە و مانا و شیکردنەوە و ڕاڤەو هێمایانە، دەتوانین لە دەقەکان نزیکبینەوە و لە دەقەکان بگەین، واتە

بەهۆی خوێندنەوە و بەدواداگەڕان، دەتوانین نزیکبینەوە لەماناکان، تا ئەو ئاستەی بتوانین ڕووبەرە نادیارەکان ببینین و بگەینە ئاستی تێگەیشتن.. کەواتە زمان لە نێو دەقە شیعرییەکان بەهایەکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، بۆیە ئەگەر زمان بڕبڕەی پشتی شیعر بێت یان ئەگەر شیعر کردەیەکی زمانەوانی بێت، زمانیش لەپاڵ بەهای ئیستاتیکی و بەهای مەعریفی و کۆمەڵاتیشی هەبێ، ئیدی بەهاکانی (ئیستاتیکی و مەعریفی و کۆمەڵاتی) بەیەکەوە، هاوتەریب دەبن لەگەڵ بەهاکانی ژیان دۆستی.. کەواتە شیعر بەهایەکی ژیان دۆستی هەیە.. شیعر کردەیەکە دەتوانێ ڕووبەری ژیان بەرینتر بکات، چونکە ئامانجی شیعر دۆزینەوەی جوانییەکانە. بەڵام، ئەوەش ڕاستە، شاعیران لە هەموو نووسەرانیتر زێتر پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە.. ئەوە بەمانای ئەوە نییە، شیعر هۆکارێکە بۆ مەرگدۆستی، یان شیعر دەرگا بەڕووی ژیان دادەخات.. بەڵکو خۆکوشتنی شاعیران، بەشێکی پەیوەندی بە بارە دەروونییەکانی شاعیرەکانەوە هەیە، وەک (خەمۆکی) و هەندێک لە نەخۆشییە دەروونییەکانی تر.. یان پەیوەندی بە نائومێدی و تەنیایی کەسەکانەوە هەیە، کەوادەکات، ژیان لەبەرچاوییان بەشێوەیەک ناشیرین بێت و ئومێد بە مەرگ بخوازن.. یان/ باری نامۆیی کەسەکان کە، وا هەست دەکەن، هێزیک دەیانجوولێنێ کە خۆیان نین یان، بە هەر هۆکارێک بێت ناتوانن مومارەسەی خواست و ئارەزووەکانی خۆیان بکەن، بەمانایەکی تر، هەموو شتێکن بەس خۆیان نین یان، بەمانا هایدیگەرییەکەی بوونێکی نارەسەنن، بۆیە هەست بە تەنیایی و دابڕانی و نامۆیی دەکەن، بەشێوەیەک، هێندە نائومێد دەبن تا ئاستی ئەوەی هیچ شتێک بە ژیانییان نابەستێتەوە.. بۆیە زۆرێک لەو کەسانە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن.. هۆکاری ئەوەش کە لەنێو نووسەرەکان شاعیران زێتر و لەنێو شاعیرانیش ژنان زێتر خۆیان دەکوژن.. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، شاعیران زیاتر ئیش لەسەر خەیاڵ دەکەن.. چونکە وەکو گوتمان، شیعر خۆی لەنێو ڕووبەری خەیاڵ دێتە بوون، هۆکارێکیتر، شیعر زێتر لەنێو ڕووبەری ناخودئاگایی ئیش دەکات، لەم ڕووبەرەش (غەریزە و هیوا و خۆزگە نووستووەکان) وەخەبەردێن و

چالاک دەبنەوە.. لای ئەوکەسانەش حەقیقەتی غەریزەکان و حەقیقەتی بوون لە نێو ڕووبەری ناخودئاگایەکانە، بە بەراورد لەگەڵ باری خودئاگایی جیاوازییەکی زۆر و مەودایەکی فراوان هەست پێدەکەن.. بۆیە لای ئەوان، ژیانی حەقیقی (ئەو ژیانەیە کە شایستە بێت بە بەهاکانی مرۆڤ) ئەو ژیانەیە کە ئەوان، لە نێو خەونەکان و لەنێو باری نا خودئاگایی پێی دەگەن. ئەم ژیانە واقیعییە بە ژیانێکی فەیک و ڕیاکاری و بە تووڕەهاتی دەبینن، تووشی نامۆیی و نائومێدییەکی گەورە دەبن، ژیانیش تا ئەوپەڕی بێبەهایی، بێبەها دەبێت.. بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ لە ژیان دووردەکەونەوە.

## _ سارا تیسدەیل و خۆکوشتن

سارا تیسدەیل یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسک و جوانبینانەی کە شیعری ناسکی زۆر نووسیوە. سارا لە نێو دەقە شیعرییەکانی، باسی باران و مانگ و ڕووبار و با و شەونم و شەوەکانی کەنار دەریا و باخچە و وەرزەکانی زۆر کردووە، هێندە باسی جوانییەکانی سروشت و باسی هەستە گەرمەکانی عەشقی کردووە، تا ئەوەی ژیان بە هەموو ناسکی و جوانییەکانی خۆیەوە لە نێو شیعرەکانی دەبیندرێ، تابلۆیەکی ڕەنگینی لە تێکەڵاوکردنی (سروشت و عەشق) نەخشاندووە.. ئەمە دیوێکی گەشاوە و پرشنگداری ژیان و ڕوانینەکانی (سارا تیسدەیل) ە. بەڵام، دیوێکی تری ژیانی ئەم شاعیرە هەست ناسک و خەیاڵ تەڕو بۆن ڕەیحانەییە، باسکردنە لە (نائومێدی و تەنیایی) تا ئاستی مەرگ و مردن، ئەم دیوەی ژیانی تا بڵێی ڕەش و تاریکە...! ئەوەی سارا جیا دەکاتەوە لە زۆرێک، لەو شاعیرانەی کە خۆیان کوشتووە ئەوەیە، لە هیچ سەرچاوەیەک باس لەوە ناکەن یان سارا وەک شاعیرێکی دەروون نەخۆش ناناسێنن، لە هیچ جێگایەک باس لە سارا ناکەن کەوا، بە دەست یەکێک لە نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک (خەمۆکی یان شیزۆفرینیا یان بایپۆلەر یان مانیا..) ناڵاندوویەتی و بە دەستییەوە هەراسان بووە. ئەوەی وای لە سارا کردووە دەست بەرێت بۆ کۆتایی هێنان

به ژیانی خۆی و خۆی بکوژێت، ئەوە نەبووە کە نەخۆش بووە، بەڵکو کەسێکی نائومێد بووە، ئەم نائومێدییە گەورەیە و ئەم ڕەشبینییەی ترسناکەی کاتێک لا دروست دەبێت کە، لە عەشق بێئومێد دەبێت، کاتێک عەشقەکەی کۆتایی پێدێت و دەمرێت...! بە مانایەکیتر، (واتە " مردنی عەشق " وا لە سارا دەکات کە کۆتایی بە ژیان خۆی بهێنێت و خۆی بکوژێت، نەک نەخۆشی دەروونی...!). چونکە ئەو هێندە شاعیرێکی عاشق بوو کە، هەموو ژیان و بوونی خۆی بە عەشق گرێدا بوو. عەشق لای ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو، تەنانەت ژیانیش.. کاتێک عەشق دەگاتە ئاستی نائومێدی و مردن، هیچ شتێک بە زیندوویی نامێنێتەوە و هەموو شتەکان دەمرن، هیچ تروسکاییەک نامێنێ، ژیان دەبێتە زیندانێکی گەورەو هیچی تر.. ئاسوودە و بەختەوەری و پێکەنین و خۆشییەکان و جوانییەکان.. بەهایەکییان نامێنێ..! ژیان دەبێتە شتێکی توورەهات و هیچ و پووچ. عەشق بۆ سارا سەرچاوەی هەموو هێزێک بووە...! عەشق هێزی ئەوەی پێبەخشیوە، کە لە ژیان نزیک بێتەوە یان لە نێو ژیان دا بمێنێتەوە. عەشق هێزی ئەوەی پێبەخشیوە کە، بتوانێ ڕووبەڕووی نائومێدییەکان و ناخۆشییەکان ببێتەوە. لە هەمانکاتیش، نەمانی عەشق/ مانای نەمانی ژیان و هەموو بەها جوانییەکان و خەونەکان و ئومێدەکان بووە. نەمانی عەشق/ لای ئەو زۆر بەسادەیی، مانای نەمانی هەموو شتێکی گەیاندووە...! (بوون بە بێ عەشق لای سارا، بوونێکی ناتەواو و بوونێکی شێواو بووە، یان بوونێکی لاواز و شکستخواردوو و بێبەها بووە...!). سارا لە ژیانی واقعی خۆیدا، عەشقی مرۆڤێکی شاعیر ڕەتدەکاتەوە و عاشقی پیاوێکی بزنسمان دەبێت.. دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات.. بەو ئومێدەی کە لەژێر ساباتی ئەو عەشقە تا ئەوپەڕی بەختەوەری، بەختەوەر بێت، یان بۆ تا هەتایە عاشق بێت.. کاتێک لە نێو ئەم عەشقە گەرمەیدا دەژیا، خەیاڵەکانی تەڕو شیعرەکانی ناسکبوون، لەگەڵ هەموو جووڵەیەک سەمای دەکرد و گۆرانی دەگوت.. تێکەڵ بە دیمەنە جوانەکان و ڕەنگە جوانەکانی سروشت دەبوو. شیعرەکانی

پڕبوون لە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و ژیان، خەونەکانی پڕبوون لە خۆزگەی جوان. لە بەشێکی شیعری (لەزەت) دا دەڵێ،

من کێویم، گۆرانی بۆ درەختەکان دەڵێم
لە ئاسماندا گۆرانی بۆ ئەستێرەکان دەڵێم
من خۆشم ویست، خۆشیان ویستم ئەو هی منە
لە ئێستاوە تا ئەوکاتەی دەمرم...

سارا ئومێدێکی گەورەی بە ژیان و عەشق هەبوو.. زۆربەی شیعرەکانی لەسەر عەشق بوون، مەبەستی بوو لە ڕێگەی عەشقەوە ئەفسانە بخولقێنێ.. مەبەستی بوو، ئەو کەسەی خۆشی دەوێت بۆ تاهەتا عاشقی بێت و سەمای بۆ بکات و گۆرانی بۆ بڵێت.. مەبەستی بوو، شێتانە وەک عاشقێک گۆرانی بۆ درەختەکان و ئەستێرەکان و باڵندەکان و بۆ ڕووبار و شەپۆلەکان بڵێت.. سارا بە هەمان گڕی عەشقەوە، لە نووسینی شیعرە ناسکەکانی بەردەوام دەبێت و لە شیعری (پیاوەکانی تر) دا دەڵێ..

من کاتێک لەگەڵ پیاوەکانی تر قسە دەکەم
هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە
وشەکانی تۆ شیرینترن لە وشەکانی ئەوان
هەروەها ناسکتریشن
یان دەڵێ...
من کاتێک لە پیاوەکانی تر دەڕوانم
ئارەزوو دەکەم ڕوخساری تۆ ببینم لەواندا

لەم وردە شیعرەدا، وێنەی عەشقێکمان بۆ ڕەسم دەکات/ عەشقێکی دێوانەیی، تا ئاستی وڕێنە و خەیاڵ.. تا ئەو ئاستەی هەموو پیاوەکانی تر،

دەنگ و ڕەنگییان و لەلای ئەم، دەبێتە دەنگ و ڕەنگی دڵدارەکەی خۆی، لەگەڵ هەر پیاوێک قسە بکات، وشە جوان و ناسکەکانی دڵدارەکەی خۆی دێتە بەر گوێ. لە هەر کەسێک بڕوانێ، شێوە و ڕوخساری دڵدارەکەی خۆی تیادا دەبینێ.. چاوی ئەو جگە لە کەسێک کە ئەویش دڵدارەکەی خۆیەتی، هیچ کەسێکی تر نابینێ...! ئەم جۆرە عەشقە

لە ئاستێکی هێندە بەرز دایە، کە هەموو کەس ناتوانن بگەنە ئەم ئاستە لە خۆشەویستی.. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ڕێگەی عەشقەوە بگەنە ئاستی ئەبەدییەت.. یان لە شیعری (ماڵی خەونەکان) دا دەڵێ...

تۆ خەونە بەتاڵەکانمت برد
هەر یەکێکت پڕکردن لە ناسکی و خانەدانی

عەشق لای سارا شتێک نەبوو تەنها لەزەتی پێ ببەخشێ، یان بەهۆیەوە، چاوەکانی(سروشت و ژیان) جوانتر و ناسکتر ببینن.. یان بەهۆیەوە، زەردەخەنە بێتە سەرسیمای و ئاسوودە بێ.. عەشق لای ئەو هەر ئەوەندە نەبوو، ئەو لە ڕێگەی عەشقەوە خەونەکانی پڕ دەبوون لە ئومێد، لە ناسکی، لە خانەدانی.. واتە، ئاستێکی بەرز بۆ ڕوانین و بینینی خود. بەمانایەکیتر، بە بێ عەشق خەونەکانی بەتاڵ بوون.. سارا بە چاوی عەشقەوە لە هەموو شتێکی دەڕوانی، لە ژیان، لە بوون، لە دەوروبەر، لە شیعر، لە سروشت، لە هەموو شتێک...! بەڵام، ئەم عەشقە کە سەرچاوەی هەموو شتێک بوو بۆ ئەم، عەشقێکی تەمەن کورت بوو و بۆ درێژماوە بەردەوام نەبوو.. هەر بۆ تەمەنێکی کورت توانی، وەک باڵندەیەکی عاشق بە نێو ئاسمان و تەمە سپییەکانی عەشق دا بفڕێت، گۆرانی بۆ ئەستێرەکان و بۆ ژیان بڵێت.. سارا مرۆڤێکی خۆشبەخت نەبوو، ئاسوودەیی و بەختەوەری تا سەر هاودەمی نەبوون.. (ئیرنستی بزنسمان) ئەو دڵدارە نەبوو، کە کلیلی بەهەشتی عەشقی پێ بێت و بۆ تاهەتایە سارا دڵخۆش و ئاسوودە بکات. هەر زوو

ناکۆکییەکان دەرکەوتن، عەشق پەیوەندییەکەیان بەبارێکی ناڕێک و نالەبار شکایەوە، ژیانی هاوسەرێتییان کۆتایی پێهات و لە یەکتری جیا بوونەوە.. سارا دەگاتە ئاستی ئەو نائومێدییەی کە عەشقەکەی بنێژێ.. شیعری (ناشتنی عەشق) دەنووسێ و دەڵێ..

من هاتووم عەشق بنێژم
لەژێر دارێک،
لە دارستانێکی پانوپۆڕ و ڕەش و تاریک
تا کەس نەتوانێت بیبینێت.....

بە شێوەیەک لە عەشقەکەی نائومێد دەبێت، دەیەوێت(عەشقەکەی لە شوێنێکی هێندە تاریک بنێژێت، کە هیچ کەسێک نەتوانێت بیبینێت..) ئەوە ئەو نائومێدییە گەورەیەیە، کە لە پشتییەوە دەتوانین ئەوە ببینین کەوا، ناشتنی عەشق لای سارا، ناشتنی ژیان یان ناشتنی خودی خۆی دەگەیەنێ. لەپاڵ ئەم ناشتنە دەیەوێت خۆشی بنێژێ.. پەیامێکە و بە هێمنی پێمان دەڵێ (ئیتر تەواو کۆتایی بە هەموو شتێک هات...!). ئیتر لێرە بەدوا، گلۆرەی بەخت و ژیانی دەکەوێتە لێژییەوە.. بینین و ڕوانینەکان دەگۆڕێن، ڕەنگ و بەهاکان دەگۆڕێن، هێما و ماناکان دەگۆڕێن.. لێرە بەدوا، ڕوانینەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کەوا، ژیان جگە لە زیندانێکی تاریک هیچ شتێکی تر و هیچ مانایەکی تری نییە...! خەونەکانی بەتاڵ دەبنەوە، ماڵەکەی پڕ دەبێت لە هەستی تەنیایی و نیگەرانی و ترس. چراکان دەکوژێنەوە و خەیاڵ و خەونەکانی تاریکدادێن. لە شیعری (بەڵام بۆ من نا) بە ڕۆشنی وێنەی ئەم نائومێدییەمان بۆ دەکێشێ و دەڵێ..

شەوەکانی ئەپڕیل هێشتا ڕەنگینن
سەرتاپای دارەکان بە گوڵ داپۆشراون
ئارامی بە خشپە و بە ئەسپایی بۆیان دەچێ
بەڵام بۆ من نا
ئارامی من لە سینگی کەسێک خۆی حەشارداوە
ئەو شوێنەی کە من لەوێ نیم
ئەمشەو عەشق بۆلای هەموو ئەوانیتر دێ
بەڵام بۆ من نا

بێگومان، ئارامی لە سینگ و لە نێو ناخی کەسێک بوو، کە ئەو ئێستا یان(ڕەنگە هیچ کاتێک) لەوێ نەبوو بێت.. بە دابڕان و لە یەکتری جیابوونەوە.. عەشق مرد و نێژرا.. ئێستا عەشق بە ئارامی و بە ئەسپایی بۆ هەموو شوێنێک دەڕوا و دەبێتە میوانی هەموو کەسێک، بەڵام لای ئەو نا.. ئارامی لە دەرگای ماڵی هەموو کەسێک دەدا، بەڵام ماڵی ئەو نا، زەردەخەنە لە ڕوخساری هەموو کەسێک دەبیندرێ، بەڵام هی ئەو نا.. ئیتر، ئێرە قووڵایی تاریکییە، ژیان دەگەڕێتەوە بۆ پنتێکی ڕەش، بوون سەرگەردان و وندەبێت.. جوانییەکان بەهایان نامێنێ. با لە جووڵە دەکەوێ، شەپۆلەکان دەوەستن، ئیتر لە هاوکێشەیەک، (ژیان مردن بەیەک دەگەن و ڕەنگەکانییان تێکەڵ بەیەکری دەبن)، ئیتر هەموو شتەکان ڕەش دەبنەوە و نامێنن.. لە قووڵایی ئەم تاریکی و ڕەشبینییەوە، لە شیعری (لێگەڕێ با لەبیربکرێ) بە هێمنی و زۆر بە ناسکی دەڵێ...

لێگەڕێ با لەبیر بکرێ، وەکچۆن گوڵەکان لەبیرکراون
با لەبیر بکرێ وەک ئەو ئاگرەی گۆرانی زێڕینی دەگوت
لێگەڕێ با بۆ تاهەتا و بۆ هەمیشە لەبیربکرێ
کات هاورێیەکی میهرەبانە و ئێمە پیر دەکا
ئەگەر هەرکەسێک پرسیاری کرد پێی بڵێ لەبیرکراوە

وەک گوڵ، وەک ئاگر، وەک بێدەنگی تۆپێک
که له نێو بەفرێکی لەبیرکراوی زۆر بەر لە ئێستا، لەبیرکراوە

ئەوە خەمناکترین سنووری ئەو نائومێدییە کە پێی گەیشتووە، هەموو شتەکان لەبیردەکرێن و نامێنن، گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە هیچ شتێک بوونی نەبێت، گوڵەکان، ئاگر، بەفر، خۆی...! ئیتر لەم زەمەنی لەبیرچوونەوە و ڕەشبوونەوە، " بوون و عەشق " چ بەهایەکییان دەمێنێ...؟! لێرەدا ئەوەمان بیر دێتەوە، نووسەران و نیگارکێشانی (دادابیەکان)، کاتێک لە ژێر زرمە و گرمەگرمی بۆمب و تانکی جەنگی یەکەمی جیهانی، ژیان هاواری لێهەستابوو، مرۆڤبوون کەوتبووە ژێر پرسیارەوە.. لەو سەردەمانە (جەنگ) ژیانی وێران دەکرد، هەموو شتە جوانەکان بەهای خۆیان لەدەست دابوو، (شیعر و ئەدەب و هونەر) هیچ مانایەکییان نەمابوو، ئەمانیش بەم هەستەوە لە هەموو شتێکییان دەڕوانی و میزییان بە هەموو شتێک دا دەکرد، لە ئاودەستەکان پێشانگایان دەکردەوە.. لەوێدا، جەنگ ژیانی وێران کردبوو و هەموو شتێکی بێبەها کرد بوو، لای ساراش عەشق، بەمانایەک/ سارا بە کەوتن و ناشتنی عەشق، بەم وێرانەیە گەیشتبوو، ژیان ببوو بە شتێکی تووڕەهات و بێمانا و شتێکی پووچ.. هەر لێرەوە چەمکی (پووچگەرا.. نەهیلیزم) مانا پەیدا دەکات..! سارا تیسدەیل زۆر ڕاستگۆیانە ژیانی خۆی دەنووسییەوە، بە شێوەیەک، لە نێو دەقەشیعرییەکانیدا خۆی ڕووت کردۆتەوە، دەقە شیعرییەکانی کتومت وەک ژیانی خۆی بوون، وەک ئومێد و خەونەکان و وەک نائومێدییەکانی خۆی بوون، لە بەرگێکی ئەدەبی و ئیستاتیکی دا.. ! بە قووڵی لە ئاستێکی فراوان خۆی ڕەسم دەکرد. هۆکارەکانی ئەم نائومێدییەش، بە شکست گەیشتنی عەشقەکەی بوو.. بەڵام، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش، خۆ زۆر کەسانی تر، لە عەشق و پەیوەندییە عاتفییەکانییان شکستییان هێنا بوو، کەچی وەک سارا بەم ئاستەی مردن و نائومێدی نەگەیشتبوون، بە بڕوای من هۆکارەکان ئەمانەن.

**یەکەم/** لەبەر ئیرنستی بزنسمان عەشقی کەسایەتییەکی شاعیر و هەست ناسکی وەک(ڕاشیل لیندسەی) ڕەتدەکاتەوە، دوای ئەوەش هەر زوو لەگەڵ ئیرنست شکست دەهێنێ، ئیدی هەست دەکات هەڵەیەکی یەکجار گەورەی کردووە، بەمانایەک، ئەو بەو هەموو ناسکییەی خۆیەوە لە نێوان دوو هەڵبژاردە (یەکێکیان شاعیرێکی پڕاوپڕ لە هەستی جوانی و مرۆیی، ئەویترییان کەسایەتییەکی بزنسمان و سەرمایەدار). ئەمیش زۆر ئازادانە و بە ئاکامی دڵی خۆی، دووەمین هەڵدەبژێرێ...! کە بەهۆیەوە بەم چارەنووسە و بەم ئاکامە دەگات.. کە بەشێوەیەک پەشیمانیش دادی نادات و ئیدی (درەنگ وەختە...!)، دوای شکستهێنانی خۆی لە عەشق و ژیانی هاسەرێتی بە تایبەت دوای ئەوەی کە ڕاشیل خۆی دەکوژێت و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت...! بۆیە پێیوایە هەڵەیەکی هێندە گەورەی کردووە کە پێی دەڵێن (هەڵەی تەمەن)، ڕەنگە لە پشتی ئەم هەڵەی تەمەنە هێندە خۆی بە تاوانبار و گوناهبار بزانێ کە، جگە لە مەرگ هیچ شتێک نەتوانێ برین و ئازار و نیگەرانییەکانی ئارام بکەنەوە، بۆیە بەو نائومێدییە گەورەیە دەگات...!

**دووەم/** هۆکارێکی تر، دوای ماوەیەکی کەم بۆی دەردەکەوێت کە، ئیرنستی بزنسمان کەسێکی ڕاستگۆ نییە و ئەوکەسە نییە، کەوا ئەو لە خەیاڵی خۆی ئومێدی بۆ دەخواست و لە شیعرەکانیدا وێنەی رەسم دەکرد، کەسێک بوو لە روانگەی بەرژەوەندی مادییەوە، لە عەشق و هەموو شتەکانی دەڕوانێ، خۆی بە خاوەنی هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەزانی. ئەمەش بۆ سارا نامۆ و جێگای نیگەرانیی بوو، هەستی بەوە دەکرد لە خشتەبراوە.. چونکە سارا خۆی پارچەیەک بوو لە عەشق، ڕۆحی خۆی بە بەتاڵی بە دڵدارەکەی دەبەخشی تا پڕی بکات لە عەشق، بەهەمانشێوە خەونەکانیشی...! سارا شاعیرێک بوو بە (شاعیری عەشق) ناسرابوو، لەسەر کتێبی (گۆرانی عەشق) خەڵاتی پێبەخشرابوو.. ئێستاش دەرگیری ئەم واقیعە تاڵە بووە، هەر لەبەرئەمە، لە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ (ئیرنستی بزنسمان) بەختەوەر نابێت و ناکۆکی و کێشەی زۆریان دەبێت، کە لە ساڵی ١٩٢٩

دوای پانزه ساڵ بەیەکەوەبوون لە یەکتری جیا دەبنەوە.. سارا لە شیعری (من هی تۆ نیم) بە ئاشکرا باس لەم ناکۆکی و کێشانە دەکات.. زۆر بە ڕوونی بە دڵدارەکەی دەڵێ.. (من هی تۆ نیم و لە نێو تۆدا ون نەبووم..! یان دەڵێ/ تۆ منت خۆش ویست، بۆیە منیش تۆم دۆزییەوە.) سارا لێرە بە وشیارییەوە قسە دەکات.. دەیەوێ ڕێز لە بوون و ئازادییەکانی بگیرێ و وەک کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت...! نایەوێت ببێتە موڵکی هیچ کەسێک.. لەگەڵ دڵدارەکەی شتێک لەنێوانییان دا هەیە ئەویش عەشق ە، بەهۆی عەشقەوە ئەمی دۆزیوەتەوە.. نەک بەهۆی سەروەت و سامان و هیچ شتێکی تر. ئێستاش نایەوێت خۆی لەنێو ئەودا ونبکات و ببێت بە موڵکی ئەو، نایەوێت وەک دیل بژیت و لە چوارچێوەی عەشق و ژیان، ئازادییەکانی خۆی لەدەست بدات، چونکە دڵدارەکەی کەسێکە، ناتوانێ لە نێو ئەم جیهانە بەرینەی عەشق بمێنێتەوە، تا بەیەکەوە ڕێگا دوورەکانی عەشق ببڕن...! ئیتر لێرەوە کێشە و ناکۆکییەکان دەست پێدەکەن. لە کۆتاییدا بە ناچاری و بێویستی خۆی بەوە دەگات و هاواە دەکات و دەڵێ.. (ئیتر بەسە...!) هەروەک لە شیعری (دوای عەشق) دا دەڵێ..

ئیتر سیحرەکە بەتاڵبوویەوە
ئێمەش بینیمان وەک کەسانی دی
تۆ چیتر بۆ من موعجیزە نیت
هەروەها منیش بۆ تۆ...

هەروەکو دەردەکەوێت لەسەرەتا، تا ئاستی موعجیزە باوەڕی بە عەشقەکەی و دڵدارەکەی هەبوو.. ئاوها بە قووڵی چیرۆکی عەشقەکەیان دەستپێکرد و ئومێدی ئەوەی دەخواست، تاسەر هەروا لە نێو ئەم خەونەیان ئەفسانە بخولقێنن، بەو مەبەستەی، لە ڕێگەی عەشقەکەیان بەوپەڕی سەروەری و شکۆمەندی بگەن، لەژێر ساباتی عەشق بۆ تاهەتایە بحەسێنەوە و ئاسوودە و بەختەوەر بن.. بەڵام، هەر زوو بە پێچەوانەی ئەم

خەون و خەياڵە خۆشانەی، دیوێکی تر و شتێکی جیا لەوە دەبینێت، بۆیە دەڵێ، ئیتر تەواو سیحرەکە بەتاڵبوویەوە، چیتر نە تۆ بۆ من موعجیزەی، نەمنیش بۆ تۆ...! دوای ئەم نائومێدییە گەورەیە هەست بە تەنیاییەکی کوشندە دەکات، ژیانی دەبێتە پارچەیەک لە ئازار و موعانات.. ئەم هەست و خەياڵە ڕەشبینییانەی لە شیعرەکانی (تەنیایی) و(ئازار) دا بە قووڵی دەربڕیوە. بە بڕوای من کەسانی نزیک لە سارا بەهۆی شیعرەکانی (ناشتنی عەشق) و (من هۆ تۆ نیم) و (لێگەڕێ با لەبیربکرێ) و زۆرێک لە شیعرەکانیتری، دەبووایە لەباری دەروونی سارا تێگەیشتبان و خوێندنەوەیەکی جدییان بۆی کردبا.. لەم نائومێدییە گەورەییەی هەڵوێستەی جدییان بکردایە، درکییان بەوە کردبا کەوا، ژیانی سارا بە چ ئاقارێکی مەترسیدار دەڕوات..!؟ هەروەکو لەسەرەتا باسمکردووە، لە هەموو ئەو نووسینانەی لە ژیاننامەی سارایان نووسیوەتەوە لە هیچ شوێنێک باس لەوە ناکەن کەوا سارا کێشەیەکی دەروونی هەبوو بێت.. بۆ نموونە نووسەرەکانیتر وەک (ئەدگار ئالان پۆ) (**Bipolar Depression**) واتە نەخۆشی خەمۆکی جۆری بایپۆلەری هەبووە.. یان خانمە شاعیری ئەمریکی (ئان سیکستۆن) ئەویش **manic Depression** خەمۆکی لە جۆری مانیای هەبووە. یان شاعیر و ڕۆماننووسی ئەمریکی (جاک کیرۆک) کە ( **Schizophrenia and Depression**) واتە، نەخۆشی (شیزۆفرینیا و خەمۆکی) هەبووە. هەروەها (ڤێرگینیا وۆلف و سلڤیا پاث و ئێرنست هەمەنگوای و دیلان تۆماس و ئیمیلی دیکنسۆن و ڤلادیمیر مایکۆفسکی و سێرگێی یاسنین و زۆر نووسەریتر...! سارا تیسدەیل دوای ئەوەی دەگاتە ئەوپەڕی نائومێدی و تا ئاستی مەرگ هەست بە تەنیایی دەکات، ئازار و خەمەکانی دەگەنە ئاستێک کە هیچ تروسکاییەک نابینێ، (جگە لە مەرگ ژیان هیچ مانایەکی نامێنێ.. !) ئیتر لێرە بەدوا، جگە لە نائومێدی و تەنیایی و نیگەرانییەکانی، باسی مەرگ و مردنیش زۆر دەکات.. هەرچەندە بە پێچەوانەی هەندێک لە نووسەران و شاعیران کەمتر باس لە (خۆکوشتن.. **Suicide**) دەکەن. بۆ نموونە (ئان سیکستۆن، وەک شاعیرێکی یاخی لە زۆرێک شیعرەکانی باس لە خۆکوشتن

دەکات..!) بەڵام سارا، زێتر باسی لە مەرگ دەکرد. دوای ناشتنی عەشق و مردنی عەشق، ژیانی ئەو بە ڕەنگەکانی مردن خۆی دەنەخشاند یان جلی مردنییان دەکردەبەر، لە زۆرێک لە شیعرەکانی وەک (ئیتر ناگۆڕێ.. پێویستە گوێی پێنەدەم.. خەونەکانی دڵم.. مردن و عەشق.. دوای مردن و...) لەم شیعرانە و لە زۆر شیعریتریش، بابەتی مردنی وروژاندووە و باسی کردووە.. بە پێی لێکدانەوەیەکی دەروونناسی، ئەوکەسانەی یان ئەو نووسەرانەی زۆر باسی مردن و خۆکوشتن دەکەن، وای دەبینن کەوا، بیرۆکەی خۆکوشتن و کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆیان پێشوەختە لە بیرکردنەوە و خەیاڵیاندا هەیە یان پلانییان بۆ داڕشتووە. بە بڕوای من، ئەگەر خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ شیعرەکانی سارا کرابا، لەوە دەگەیشتن کەوا بە فیعلی ژیانی ئەم مرۆڤە لە لێواری مەرگ قەراری گرتووە، بەدوای دەرفەتێکی گونجاو یان کاتێکی گونجاودا دەگەڕێ، یان ئەم مرۆڤە دەمێکە ژیانی جێهێشتووە و لە نێو ماڵی مردن دا دەژی. زۆرێک لە شیعرەکانی سارا سیگنالی مەترسیدارن و کۆمەڵێک ئاڵۆزی و ڕەهەندی دەروونییان لە پشت بووە. سارا تیسدەیک دوای ئەوەی لە عەشقەکەی شکست دەهێنێ و لەو مرۆڤەی کە سوارچاکی خەونەکانێتی بێئومێد دەبێت و لێی جیادەبێتەوە، ئیتر شتێک نامێنێ بۆی بژی.. ژیانی بەرەو ترس و نیگەرانی و فۆبیایی دەڕوات، لە شیعری (ترس) بە ڕوونی باسی وەزعی خۆیمان بۆ دەکات. شەوانان لە نێو چ ئەتمۆسفیرێکی ترسناک و سارد و سڕ و تاریک و خەمناک دا دەژی.. جەستە تەزیو، بێ خەو، خەمناک، بیرکردنەوە لە مردن.. ناڕێکی لێدانی دڵی، دەمێک خێرا دەمێک هێواش، دڵتەنگییەک تا ئاستی ئەوەی کە نەتوانێ بە ئاسانی هەناسە بدات.. ئەم شیعرە ئەوەمان پێدەڵێ کە سارا (ئەنزایەتی **Anxeity**) واتە (دڵەڕاوکێ) ی هەبووە.. ئەم بارە دەروونییەی بەتایبەت لە شەودا، ئەمانە هەمووی نیشانەکانی دڵەڕاوکێن.. کە ئەمەش نەخۆشییەکی دەروونییە و ئەوکەسانەی تووشی دەبن لە گەڵ ترس و نیگەرانییەکی بێوێنەدا دەژین. ئەم بارە دەروونییانەش پێویستییان بە

چارەسەرە. هەربۆیە حەبی خەو و ڕەنگە حەبی هێمنکەرەوەی دەروونیشی بەکار هێنابێ. یان لە بەشێکی شیعری (تەنیایی) دا دەڵێ.

لە جیاتی عەشق من تەنیام
لە جیاتی هەموو ئەوشتانەی وەریان دەگرم یان دەیانبەخشم
لە جیاتی هەموو ناسکییەکانی تۆ
هەندێکجار من دڵخۆش نیم بەوەی کە دەژیم
من تەنیام لەگەڵ ئەوەی

لە بڵندترین لوتکەی دنیایەکی وێرانی ڕەنگ خۆڵەمێشی وەستاوم...

ئەمەش پەیامێکیترە کە بە ڕوونی پێمان دەڵێ کەوا چ ئازارێک بە دەست تەنیایی و نائومێدییەکانی دەبینێ یان لە چ بارێکی دەروونی و چ فشارێکی ڕۆحی لەسەرە..! تا ئەندازەی ئەوەی، هیچ دڵخۆش نەبێت بەوەی کە دەژی یان ئومێد بە مردن بخوازێ، چ خەیاڵێکی تاریک و ترسناک لە نێو مێشکییا دێت و دەچێ..؟! گیرۆدەی چ موعانات و ئازارێکە...؟!، بۆ دوورکەوتنەوە لەم ترسە فۆبیاییانە، لەم نیگەرانیی و لەم بارە دەروونییە تاریکییەی شەوانەی خۆی، بیر لە مەرگی خۆی دەکاتەوە و بڕیار دەدات کۆتایی بە بوونی خۆی بهێنێت، لە تەمەنی ٤٨ ساڵیدا، لە ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٩٣٣ لە شاری نیۆرک، ئیتر دەست لە ژیان بەردەدات و پەنا بۆ مردن دەبات.. لە ڕێگەی زیاد لە پێویست بەکارهێنانی حەبی خەو کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، لە ئامێزی خەوێکی قووڵ ڕادەکشێ و بۆ تاهەتایە خەبەری نابێتەوە.

**ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠١٥**



# (هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی سارا تیسدە یل)

## (شەو)

مانگ بۆ گوڵە زەردەکان دەچەمێتەوە
ئاسمانیش هێشتا هەر شینە
مانگ بۆ ئاسمان دروست بووە کە بیگرێتە خۆی
منیش بۆ تۆ
مانگ گوڵێکە بە بێ هەڵم
ئاسمانیش دەبریسکێتەوە
ئەبەدیەت بۆ ئەوان دروست بووە
شەویش بۆ ئێمە

## (ناشتنی عەشق)

من هاتووم عەشق بنێژم
لەژێر دارێک
لە دارستانێکی ڕەش و تاریک
تا کەس نەتوانێت بیبینێت
من دەبوایە نە خۆل لەلای سەری و
نە بەردیش لەلای پێیەکانی دابنێم
من زۆر حەزم لە نێو دەمی بوو
شیرینیەکی تاڵ بوو
وا باشترە من چیتر نەچمە سەر گۆڕەکەی
بۆ سەر تابووتێکی سارد و سڕ
من پێویستە هێندەی دەستەکانم دەیانگرێ
خۆشی و شادی کۆکەمەوە

## (با)

با بۆ نێو ڕۆحمەوە هەڵدەکا
بەدرێژایی شەو گوێم لێبوو دەگریا
لە باکووردا ئارامی بۆ من نیە
جگە لەوەی لەگەڵ تۆ دام
با هۆشداریم پێدەبەخشێ
کە لە نێو ڕۆحی ڕووتمەوە هەڵدەکا
لە باکووردا ئارامی بۆ من نیە
جگە لەوەی لەگەڵ تۆدام

## (ساڵەكان)

لە شەودا چاو دادەخەم و دەبینم
كاروانێكی نامۆ بەلامدا تێدەپەڕێ
ئەو ساڵانەی بەر لەوەی ڕوخسارییان ببینم
ڕۆیشتن لەگەڵ دڵتەنگیەكی سووكەڵەدا
ساڵەكان تێپەڕین هەستیار و شەرمن بوون
وەك یەكێك هەوڵبدات بۆ سەما
نیوە كوێر و چاو بەفرمێسكەوە

ساڵەكان ڕۆیشتن هەرگیز نەیاندەزانی
كە هەر یەكێكیان لە تۆم زیاتر نزیك دەكەنەوە

ڕێگاكانیش تەسك و پچڕپچڕ بوون
ئێستا ڕێگام نیشان بدە بەرەو دڵت
ئاخ , ساڵەكان هەستیار و شەرمن بوون
ئاخ ساڵەكان تەنیا بوون
هەوڵیان دەدا گۆرانی بڵێن بە دەنگێكی
غەرق بوو لە فرمێسك

## (ماچ)

من بە ئومێد بووم
ئەو خۆشی ویستبام
دەمی ماچ کردبام
بەڵام من وەک باڵندەیەکی بریندار وام
کە نەتوانێ بگاتەوە باشوور
هەر چەندە من دەزانم خۆشم دەوێ
بەڵام کە لە شەودا دڵم تەنگە
ماچەکەی ئەو هێندە سەراسیمە نەبوو
وەک ئەو خەونانەی کە من هەمبوون

## (دڵم پڕە)

دڵم پڕە بە چەند گۆرانییەک
وەک ئەو میوە پێگەییوانەی لەدار بەردەبنەوە
بەڵام من هەرگیز ناتوانم یەکێکیانت پێبدەم
گۆرانیەکانم هی خۆم نین
ئێستا ئێوارەیە و دەمی زەردەپەڕە
پەپوولەکانیش دێن و دەڕۆن
لەو کاتژمێرە خۆڵەمێشییەی کە میوەکان هەڵدەوەرن
یەکێکیان بەرە و کەسیش نایزانێ ... !

## (کەمتر لە هەور بۆ باران)

کەمتر لە هەور بۆ باران
کەمتر لە هەڵم بۆ ڕووبار
کەمتر لە گوڵ بۆ ڕەشەبا
ئەی من بۆ تۆ
زێتر لە ئەستێرەکان بۆ شەو
زێتر لە باران بۆ درەخت
زێتر لە بەهەشت بۆ زەوی
تۆش هەموو شتێکی بۆ من

## (لێگەڕێ با تۆ بیت)

لێگەڕێ با تۆ بیت
لە دواهەمین ڕۆژم
کاتێک لەسەرم ڕادەکشێی
لێگەڕێ با تۆ بی
کە پێڵووی چاوەکانم دادەخەی
بەڵێ بۆ تاهەتایە
بڵێ (شەوشاد)
کە هەموو ساڵەکان تۆ وات دەگوت
لەگەڵ پیرە ڕوانینێک و
لەگەڵ پیرە بێدەنگییەک و
بە بێ دڵۆپە فرمێسکێکیش
ڕۆژێک دێت لەم بێدەنگییە تێبگەی
کە هەمیشە ئەوەش دەزانی
من هێندەم خۆشویستی
کە هیچ کەسێکم
هێندەی تۆ خۆشنەویست...!

## (شەونم)

من خەون بەوە دەبینم
ئەو هی من بێت
من خەون بەوە دەبینم
ئەم خەونەم ڕاستی بێت
دەتوانم هەموو دنیاکەی بپارێزم
وەکچۆن گەڵاو گوڵەکان
شەونم دەگرنە باوەش

هۆ خونچە سوورەکە
هۆ دڵە بچکۆلانەکە
ئاگاداربە
پێویست بەوە ناکات
ئومێدی ئەوە بخوازی
سەدان گوڵ بگرییە باوەش

# (گۆرانی شەو لە ئەمالفی)

لە بەهەشتی ئەستێرانم پرسی
من چی ببەخشم بە خۆشەویستەکەم
بە بێدەنگی وەڵامی دامەوە
سەرووی بێدەنگی

لە تاریکی ڕووبارم پرسی
لە قووڵاییەی کە ڕاوچییەکان بۆی دەچن
بە بێدەنگی وەڵامی دامەوە
خوارەوەی بێدەنگی

ئاخ دەمتوانی گریانی پێببەخشم
یان گۆرانی
بەڵام ئەو بە درێژایی ژیانم
بێدەنگی پێببەخشیم...!

## (پێویستە گوێی پێنەدەم)

کاتێک کە مردم
ئینجا نیسان ی درەوشاوە
لەبەر باران و بە قژی تەڕەوە
بە دڵێکی شکاوەوە لە سەرم ڕادەکشێ
منیش پێویستە گوێی پێنەدەم

من پێویستە هێمن بم
وەک ئارامی درەختەکان
کاتێک باران شۆڕدەبێتەوە بۆ خەرەندان
پێویستە من بە دڵی خەمناکمەوە بێدەنگ بم
تۆ ئەمە دەزانی...؟

## (من ئەستێرەکان دەناسم)

من ئەستێرەکان دەناسم
بە ناوییانەوە
ئەلدەباران، ئەلچەیر
ئەو ڕێگایەش
کە بە پەیژەیەکی شینەوە
دەچێتە بەهەشت
من نهێنی پیاوەکان دەزانم
بە سەیرکردنی چاوەکانییان
لەوێدا خەیاڵی خۆڵەمێشی و
خەیاڵی نامۆ
کە هەم دڵتەنگم دەکەن هەم ئارام
بەڵام چاوەکانی تۆ تاریکن بۆ من
وەک ئەوەی کە هەمیشە بانگم بکەن

من ئەوە نابینم کە خۆشمت بوێ
یان هەر هیچ منت خۆشنەویستووە
من زۆر شت دەزانم
بەڵام ساڵەکان دێن و ڕەتدەبن
من پێویستە بمرم ئەوە نەزانم
کە ئەوشتەی دەمێکە دەیزانم

## (ڕوانین)

ستریفۆن لە بەهار ماچی کردم
ڕۆبین یش لە پایز
بەڵام کۆلن تەنها سەیری دەکردم
کە هەرگیز ماچی نەکردم

ماچی ستریفۆن
لە هەزەلیەت دا ونبوو
هی ڕۆبینیش لە یاری
بەڵام ماچی نێو چاوەکانی کۆلن
ڕاویان دەکردم بە ڕۆژ و شەو

## (فڕین)

ئێمە دوو هەڵۆین
بەیەکەوە دەفڕین
لەژێر بەهەشتەکانەوە
بەسەر چیاکانەوە
بەنێو بادا بڵاودەبینەوە
ڕووناکی هەتاو گوێی لێمان دەبێ
بەفری ناوەختەش دەمانشێوێنێ
هەور بە دوامانەوە لوول دەخوات
وێنەی ناسکیمان دەکێشێ

ئێمە وەک دوو هەڵۆین
بەڵام، کاتێک مەرگ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە
وەک مرۆڤ سادە دەبینەوە
کاتێک یەکێک لە ئێمە دەڕوات

لێگەڕێ با ئەویتر ون نەبێ
لێگەڕێ ئیتر با بەس بێ فڕین
لێگەڕێ با ئاگرەکە دامرکێتەوە
با حیکایەتەکەش کۆتایی بێ...!

## (لێگەڕێ با لەبیربکرێ)

لێگەڕێ با لەبیربکرێ، وەکچۆن گوڵەکان لەبیرکراون
با لەبیربکرێ وەک ئەو ئاگرەی گۆرانی زێڕینی دەگوت
لێگەڕێ با بۆ تاهەتا و بۆ هەمیشە لەبیربکرێ
کات هاورێیەکی میهرەبانە و ئێمە پیر دەکا
ئەگەر هەرکەسێک پرسیاری کرد پێی بڵێ لەبیرکراوە
دەمێکە و زۆر لەمێژە
وەک گوڵ، وەک ئاگر، وەک بێدەنگی تۆپێک
کە لە نێو بەفرێکی لەبیرکراوی زۆر بەر لە ئێستا، لەبیرکراوە

## (بەڵام بۆ من نا)

شەوەکانی ئەپڕیل هێشتا شیرینن
سەرتاپای دارەکان بە گوڵ داپۆشراون
ئارامی بە خشپە و بە ئەسپایی بۆیان دەچێ
بەڵام بۆ من نا
ئارامی من لە سینگی کەسێک خۆی حەشارداوە
ئەو شوێنەی کە من لەوێ نیم
ئەمشەو عەشق بۆ لای هەموو ئەوانیتر دێ
بەڵام بۆ من نا

## (شاردنەوەی عەشق)

من لە نێو دڵم عەشقم شاردۆتەوە
بە پێکەنینی چاوەکانمەوە دیارە
ئێستا نا، ئەو کاتانەی یەکتریمان دەبینی
عەشقی من هەمیشە زیندوو بوو

بەڵام هەندێکجار کە ئەو خەون دەبینێ لە شەودا
هێدی هێدی سەوزایی دارستان لێڵ دەبێ
ڕەنگە ئەوە عەشقی من بوو بێ
لە نێو خەونەکانی ئەودا دەرکەوتبێ

یان هەندێکجار کاتێک لە دڵەوە ژاندەیگرێ
لە کتوپڕیش چاک دەبێتەوە
ڕەنگە ئەوە عەشقی من بوو بێ
تا ئێش و ئازار لە نێو ژیانی ئەودا، بڕەوێنێتەوە

# (چاوە خۆڵە مێشییەکان)

کە یەکەمینجار هاتی بۆلام
ئەوکاتە مانگی نیسان بوو
یەکەمین ڕوانینم بۆ چاوەکانی تۆ
وەک یەکەمین ڕوانینم بۆ ڕووبار وابوو

وا چوار نیسانە بەیەکەوەین
لەسەر لقی دارێک دانیشتووین
سەیری سەوزایی دەکەین
ئێستاش هەر کاتێک
ڕوو لە چاوە خۆڵەمێشییەکانت دەکەم
وا دەزانم یەکەمینجارمە سەیری ڕووبار دەکەم

## (دیارییەکان)

دوای چەندین ساڵ
من زەردەخەنەی یەکەم عەشقی خۆم بەخشی
من فرمێسکەکانی دووەم عەشقی خۆم بەخشی
من بێدەنگی سێیەم عەشقی خۆم بەخشی

یەکەمین عەشقم گۆرانی پێبەخشیم
دووەمین چاوەکانم بۆ بینین
بەڵام ئەوە عەشقی سێیەمینم بوو
کەوا ڕۆحمی پێبەخشیم

## (مەی)

با لە گوڵە لیلاکسەکان دەدا
خونچە گەڵاکانیش دەمیان بۆ خۆرەتاو کردۆتەوە
پەڕەی گوڵەکان بەسەر شوورەی باخچەکانەوە هەڵدەوەرن
بەڵام بۆ من بەهار دەمێکە کۆتایی هاتووە

لە ژێر دارسێوێ کە چرۆ دەردەکا
دەڕۆم و لە زستان دوور دەکەومەوە
بۆ ئەو عەشقەی لە نیسان زەردەخەنە دەکا
لە مانگی (مەی) یش بۆ من دادەکا

# سەرچاوەکان


١/ کتێبی (**THOSE WHO LOVEE**)

**LOVE POEMS BY SARA TEASDAKAE**

٢/ کتێبی (**Prominent Greeks of Antiquity**)

٣/ کتێبی (نامۆیی) لە نووسینی/ غیاث الدین نەقشبەندی.

{ ئێمە سوودمان لە پێشەکی ئەم کتێبە بینیوە کە بەڕێز (د. محەمەد کەمال نووسیویەتی)

٤/ کتێبی (گۆرانییەکانی عەشق)، شیعر سارا تیسدەیل

٥/ کتێبی (هێلین ئۆف ترۆی و چەند شیعرێکی تر)، شیعر سارا تیسدەیل

- ٦/ کتێبی..(لەگەڵ سایکۆلۆژیادا) سۆزان جەمال

٧/ هەندێک سایتی ئەنتەرنێت لەوانە:

**_Sara Teasdale.. Hello Poetry**

**_Sara Teasdale.. Poem Hunter**

**_internet archive**

**_Academy of American poets**

**_The poetry Foundation**